# ڕۆڵی مافەکانی مرۆڤ لە بەرجەستە بوونی حوکمڕانی باش لە کۆمەڵگا فرەییەکاندا
# خوێندنەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان وڵاتی کەنەدا و عیراق

م.ی. مەرزن جمال حسن
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق
ئیمێڵ: marzan.hasan@su.edu.krd

ID No. 2695
(PP 112 - 138)
https://doi.org/10.21271/zjlp.23.38.5
Received: 12/09/2024
Accepted: 20/03/2025
Published: 04/06/2025
وشە کلیلییەکان:
مافی مرۆڤ، حوکمڕانی باش، کۆمەڵگای فرەیی، فرەکلتوری، پیکەوەژیان

## پوختە

حوکمڕانی باش و مافی مرۆڤ دوو چەمکی گرنگن لە بواری سیاسیدا. حوکمڕانی باش وەکو چەمکێکی نوێ لە بواری سیاسەت گرنگی زۆری پێدراوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی چەمک و پرەنسیپەکانی حوکمرانی باش،و گەیشتن بە حوکمڕانی باشە لە ڕێگەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگە فرەییەکاندا. هەروەها پیشاندانی ئەزموونی هەردوو وڵاتی کەنەدا و عێراق لەم ڕووەوە. ئەم توێژینەوەیە گریمانە دەکات کە بنەماکانی مافی مرۆڤ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەهێزکردن و گەیشتن بە حوکمڕانی باش لە کۆمەڵگا فرەییەکان. گەشەکردنی حوکمڕانی باش لە کەنەدا کاریگەر بووە بە بنەماکانی مافی مرۆڤ،و کەنەدا بە فەرمی دانی ناوە بە سیاسەتی فرەکلتوری بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چەندین پەیماننامەی لە پێناو بەستراوە و دامەزراوەی تایبەتی بۆ دروستکراوە، بەڵام لەڕووی کردارییەوە عێراق نەیتوانیوە گرێنتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بکات و بنەماکانی حوکمڕانی باش پەیڕەو بکات، ئەویش بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و کێشەی ئاسایش و لاوازی دامەزراوەکانی. لە کۆتایدا توێژینەوەکە دەگاتە چەند دەرئەنجامێک کە خۆی دەبینێتەوە لە؛ مافی مرۆڤ و حوکمڕانی باش پایەیەکی گرنگی سەقامگیری کۆمەڵگەن. پاراستنی مافەکانی مرۆڤ چارەسەری ئاڵنگارییەکانی کۆمەڵگە هەمەچەشنەکان دەکات، بەوەی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە بەشدارە لە باشترکردنی ئاستی حوکمڕانی. کەنەدا و عیراق دوو ئەزموون و مۆدێلی زۆر جیاوازن لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانی باش. کەنەدا بە دامەزراوەی دیموکراسی سەقامگیر و چوارچێوەی یاسایی بەهێز، نموونەیەکی بەرزی مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانی باش دابین دەکات. حوکمڕانی باش لە کەنەدا ڕەگ و ڕیشەی لە بنەماکانی مافی مرۆڤ داکوتاوە. لە بەرامبەردا عیراق بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و ململانێی طائیفی و لاوازی چوارچێوەی دامەزراوەیی ڕووبەڕووی ئاڵنگاری بۆتەوە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و گەیشتن بە حوکمڕانی باش. کەنەدا لە پێوەرەکانی نێودەوڵەتی بۆ حوکمڕانی باش پلەی باڵای تۆمارکردووە، بە پێچەوانەوە عیراق لەم پیوەرانە پلەکانی زۆر نزمە. دەستوری نوێی عیراق ئاماژەی بە پاراستنی مافی مرۆڤ و پاراستنی مافی پێکهاتەکانی عیراق داوە، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە کار بە دەستور و بنەماکانی حوکمڕانی باش نەکراوە و پێشێلکاری و مەترسی گەورە هەیە لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە عیراق.

## پێشەکی

حوکمڕانی باش وەک بنەمایەک بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری و بەڕێوەبردنێکی باشی دەسەڵات، چەمکێکی مۆدێرنە و بۆتە پێویستی کۆمەڵگاکان. هەرچەندە حوکمڕانی باش لە سەرەتاوە لە بواری ئابووری بەکارهاتووە و لە بواری سیاسی بەکارنەهاتووە، بەڵام پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و نزیکبوونەوەی مرۆڤ و گروپە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتر بۆتە هۆی زیاد بوونی پێویستی بە حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو. حوکمڕانی باش بە هەبوونی کۆمەڵێ پرەنسیپ، وەکو چەمکێکی نوێ لە بواری سیاسی

گرنگی زۆری پیدراوه له لایەن دەوڵەتان و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەکو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان.

بابەتی مافی مرۆڤیش لەو بابەتانەیە کە سنووری ناوخۆیی وڵاتانی تێپەڕاندووە، بۆتە بابەتێکی نێودەوڵەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەرنجی خستۆتەسەر و گرنگی پێدەدات. ئەمەش بەشێوەیەکی ڕوون لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دیارە کە لە بەشێک لە دەقەکانیان ئاماژە بە مافی مرۆڤ دەدرێت. هەروەها مافی مرۆڤ دەستەبەریەکی یاسایی گشتگیرە کە مرۆڤ دەپارێزێت لەبەرامبەر ئەو ڕەفتار و کردەوانەی دەستێوەردان لە کەرامەتی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاکەکان دەکەن.

بەشیکی زۆری وڵاتانی جیهانی ئەمڕۆ خاوەن کۆمەڵگای هەمەچەشن و فرەیین، بۆیە مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانی باش دوو بابەت و بنەمای گرنگن بۆ گەیشتنی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای فرەیی بەتایبەتی بە دادپەروەری و گەشەسەندن و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی. کۆمەڵگا فرەییەکان بە تایبەتمەندی هەمەچەشنی لەڕووی کلتوور، نەژاد، ئاین، هەروەها هەمەچەشنی لە ڕووی بیروباوەڕی سیاسی جیادەکرێنەوە کە پێویستە مافەکانی مرۆڤ بۆ گشت گروپەکانی ئەم کۆمەڵگایانە دەستەبەر بکرێت تا بگەن بە حوکمڕانی باش و هەموو گروپەکان هەست بکەن بەشدارن لە کۆمەڵگا و ئاشتی و دادپەروەری بەرقەرار بێت.

**گرنگی توێژینەوە:** لە ئێستادا بابەتی حوکمڕانی باش بابەتێکی نوێیە و لەسەر ئاستی جیهانی گرنگییەکی زۆری هەیە، بۆیە فراوان بوونی بەکارهێنان و جێبەجێکردنی چەمکی حوکمڕانی باش لە ژینگەی سیاسی وڵاتان بۆتە پێویستی. هەروەها گرتنەبەری ڕێ و شوێنی پێویست بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆتە هۆی و پێکەوە ژیان، سەقامگیری سیاسی، کۆمەڵایەتی و گەیشتن بە حوکمڕانی باش، بلەم سۆنگەیەوە وڵاتانی تریش دەتوانن سوود لەم ئەزموونە وەربگرن.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەم توێژینەوە تیشک خستنەسەر حوکمرانی باش و شێوازی بەڕێوەبردنێکی باشە لە لایەن حکومەت و بەرپرسان لە دەوڵەتاندا،و گەیشتن بە حوکمڕانی باش لە ڕێگەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها دیاریکردنی پرەنسیپەکانی حوکمرانی باش و ناساندنی لایەنە ئەرێنییەکانی حوکمرانی باش بۆ باشترکردنی مافەکانی مرۆڤ، پێشاندانی لایەنە لە یەکچوو و جیاوازەکانی حوکمڕانی باش و مافی مرۆڤ لە هەردوو وڵاتی کەنەدا و عیراق کە دوو کۆمەڵگای فرەیی و هەمەچەشنن.

**پرسی سەرەکی:** پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ئایا بنەماکانی مافی مرۆڤ کاریگەرییان چۆنە لەسەر جێبەجێکردن و پەرەپێدانی حوکمڕانی باش لە وڵاتانی کەنەدا و عیراق؟ هەروەها ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێکی تری لاوەکی بداتەوە وەک؛

- مەبەست لە حوکمڕانی باش چییە؟
- سروشتی پەیوەندی نێوان حوکمرانی باش و مافی مرۆڤ چییە؟
- خاڵی جیاواز و هاوشێوە چین لە نێوان عیراق و کەنەدا لە پاراستنی مافی مرۆڤ و جێبەجێ کردنی بنەماکانی حوکمڕانی باش بۆ بەرجەستەکردن و گەیشتن بە حوکمڕانی باش؟

**گریمانەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە گریمانە دەکات کە بنەماکانی مافی مرۆڤ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەهێزکردن و گەیشتن بە حوکمڕانی باش لە کۆمەڵگا فرەییەکان، هەروەها پاراستنی مافەکانی مرۆڤ فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاڵنگارییانەی کە لە کۆمەڵگا فرەییەکاندا سەرهەڵدەدەن. گەشەکردنی حوکمڕانی باش لە کەنەدا کاریگەر بووە بە بنەماکانی مافی مرۆڤ،و کەنەدا بە فەرمی دانی ناوە بە سیاسەتی فرەکلتووری و بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ چەندین پەیماننامە و دامەزراوەی تایبەت دروستکراوە، بەڵام لەڕووی کردارییەوە عێراق نەیتوانیوە گرێنتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بکات و بنەماکانی حوکمڕانی باش پەیڕەو بکات، بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و کێشەی ئاسایش و لاوازی دامەزراوەکانی.

**میتۆدی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە پشت دەبەستێت بە چوارچێوەی دەروازەی چۆنیەتی ( qualitative approach) و سوود لە هەردوو میتۆدی وەسفی و میتۆدی بەراودکاری وەرگیراوە، تیایدا پێناسەی چەمکی حوکمڕانی باش دەخەینەڕوو، هەروەها پەیوەندی نێوان مافەکانی مرۆڤ و حوکڕانی باش دەخەینەڕوو. جگەلەوە میتۆدی بەراوردکاری بەکاردەهێنین بۆ خستنەڕووی ئاستی حوکمڕانی باش و مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی کەنەدا و عێراق بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیە بتوانین خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان هەردوو ئەزموون دەست نیشان بکەین.

**پەیکەربەندی توێژینەوە (پلانی توێژینەوە):** ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە پێشەکی و دەرئەنجام و دوو بەشی سەرەکی. بەشی یەکەم بە ناونیشانی پەیوەندی ئۆرگانی نێوان مافەکانی مرۆڤ و بەرجەستەبوونی حوکمڕانی باش لە کۆمەڵگا فرەییەکاندا، کە چوارچێوەیەکی تیۆرییە و تیایدا چەمک و پیناسەی حوکمرانی باش، پرەنسیپەکانی حوکمرانی باش، پەیوەندی نێوان حوکمڕانی باش و مافی مرۆڤ دەخرێتە ڕوو، دواتر باس لە پێناسە و سروشتی کۆمەڵگای هەمەچەشن و فرەیی دەکات. بەشی دووەم بە ناونیشانی ڕۆڵی مافی مرۆڤ لە بەرجەستەبوونی حوکمڕانی باش لە کەنەدا و عێراق، ئەم بەشە چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، باس لە گرنگترین پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باش لە کەنەدا و عیراق دەکات، دواتر بە وردی باس لە پرەنسیپی مافی مرۆڤ و ڕۆڵی ئەم پرەنسیپە لە بەرجەستە بوونی حوکمڕانی باش لە هەردوو ئەزموونی کەنەدا و عیراق دەکات. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە خوێندنەوەیەکی بەراوردکاری دەکات لە نموونەی وڵاتی کەنەدا و عێراق لە ڕووی پێشخستنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و کاریگەری لە گەیشتن بە حوکمڕانی باش .

## بەشی یەکەم

## پەیوەندی ئۆرگانی نێوان مافەکانی مرۆڤ و بەرجەستەبوونی حوکمڕانی باش لە کۆمەڵگا فرەییەکاندا

### باسی یەکەم

### چەمک و پێناسەی حوکمڕانی باش

لە ڕووی چەمکەوە حوکمرانی باش لە ووشەی ئینگلیزی (governance) یان ( good governance) هاتووە، کە ئەویش لە بنچینەدا لە وشەی لاتینی (gubernare) یان لەمەش ڕەسەنتر لە وشەی یۆنانی (kubernaein) وەرگیراوە، بەمانای (شێوازی لێخوڕینی کەشتی و ئاڕاستەکردنی) بەکارهێنراوە. هەروەها یەکەم بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە زمانی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٣٧) لەلایەن ئابووریناسی ئەمریکی (Ronald Coase)، بەڵام لە چوارچێوەی چەمکی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ئابووری بەکاریهێناوە.[1] لە زمانی عەرەبی چەندین چەمک بەکاردەهێنرێت وەک (الحكم الرشيد، يان الراشد، الحكم الصالح، الحوكمة، الحكمانية) کە باوترین بەکارهێنانی (الحكم الراشد)ە، لە زمانی کوردیش گونجاوترین چەمک بریتییە لە حوکمڕانی باش.

حوکمڕانی باش وەک هەر چەمکێکی تر پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی تیڕوانین بۆ حوکمرانی باش و بەکارهێنانی لە بوارە جیاوازەکانی وەک ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی. بۆیە یەک پیناسەی گشتگیرمان نییە و لە لایەنی هەمەجۆر پێناسەی حوکمرانی باش کراوە[2].

[1] أمين فرج شريف، الحكم الصالح في اقليم كوردستان العراق، اطروحة الدكتورا، كلية القانون و السياسة في جامعة السليمانية، السليمانية، 2013، ص٨،٩.

[2] Petr Vymětal, Governance: Defining the Concept, working papers University of Economics, Prague, 2007, p10.

لێرەدا ئاماژە بە چەند پێناسەیەکی حوکمڕانی باش دەدەین وەک: حوکمرانی باش پێناسە دەکرێت بە ئاماژەدان بۆ ئەو پێکهاتە و پرۆسێسانەی کە دیزاین کراون بۆ دڵنیابوون و مسۆگەرکردنی بەرپرسیاریەتی، شەفافیەت، سەروەری یاسا، لێپرسینەوە و وەڵامدانەوە، سەقامگیری، یەکسانی، گشتگیرییەتی بەهێز بوون و بەشداری فراوان[1].

هەروەها ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانی وەکو؛ بانکی جیهانی، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپیدان (UNDP) ، ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ئابووری (OECD) و لێژنەی هاوکاری و گەشەپێدان (DAC)، پێناسەی حوکمڕانی باش دەکەن بەوەی؛ بەکارهێنانی دەسەڵات و هێزە لەپێناو بەڕێوەبردنی کاروبارە ئابووری، سیاسی و کارگێرییەکانی دەوڵەت[2].

پێناسەیەکی تر بۆ حوکمڕانی باش بریتییە لە بەشداریکردنی دامەزراوە سیاسییەکان، ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان و کەرتی تایبەت لەگەڵ یەکتر تا بەهۆی سەرچاوەکان، شارەزایی و توانا و پرۆژەکانیان هاوپەیمانی نوێ لەسەر بنەمای دابەشکردنی بەرپرسیارییەتی لە پرۆسەی ئامادەکردن و جێبەجێ کردنی سیاسەتە بەهێزەکان بۆ پاراستنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی[3].

حوکمڕانی باش بە شێوەیەکی باو پێناسە دەکرێت کە پراکتیزە کردنی هێز و دەسەڵاتە لەلایەن سەرکردە سیاسییەکان بۆ خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی وڵاتەکەیان، حوکمڕانی باش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە هەندێک لە لایەن و کەرتەکانی کۆمەڵگا دەسەڵات بەکاردەهێنن و سیاسەتی گشتی دادەنێن و ڕادەگەیەنن کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر کارلێکی مرۆیی و دامەزراوەیی و گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە[4].

هەروەها حوکمڕانی باش فرەلایەنە و چەندین تایبەتمەندی و بنەما لەخۆدەگرێت وەکو؛ ڕێزگرتنی تەواو لە مافەکانی مرۆڤ، سەروەری یاسا، بەشداری کاریگەر، هاوبەشی ئەکتەرە جۆراوجۆرەکان، فرەیی سیاسی، پرۆسە و دامەزراوە بەرپرسیار و شەفافەکان، کەرتی گشتی کارا و کاریگەر، شەرعیەت، گەیشتن بە زانیاری، زانیاری و پەروەردە، بەهێزکردنی سیاسی خەڵک، یەکسانی، بەردەوامیی،و ئەو هەڵوێست و بەهایانەی کە بەرپرسیاریەتی، هاودەنگی و لێبوردەیی لەخۆدەگرن[5].

کەواتە حوکمڕانی باش فرە لایەنە و کۆمەڵێ پرۆسە و بنەما و دامەزراوە لەخۆدەگرێت، هەروەها کۆمەڵێ خەسڵەت و تایبەتمەندی هەیە کە پێویستن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دامەزراوەکان یان دەوڵەت تا ئاستی جیهانی، ئەمەش لەپێناو گەیشتن بە سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، چونکە حوکمرانی باش ڕۆڵی بەرچاو و سەرەکی هەیە لە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و قەیرانەکان و چارەسەرکردنیان.

## باسی دووەم
## پرەنسیپەکانی حوکمرانی باش

بەهۆی بیروبۆچوونی جیاواز ڕێککەوتنی گشتگیر نییە لەسەر پرەنسیپەکانی حوکمرانی باش، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە گرینگترین پرەنسیپەکان دەدەین و بەکورتی ڕوونیان دەکەینەوە:

---

1 What is governance, available on UN-Habitat's Policy, Legislation and Governance Section website, accessed date 25/1/2024, https://urbanpolicyplatform.org/governance/

2 Petr Vymětal, Op. Cit. P11.

3 بكوش ابتسام، الحكم الراشد ودوره في تحقيق التنمية المستدامة -حالة الجزائر-، اطروحة ماجستير، جامعة آبى بكر بلقايد، كلية العلوم االقتصادية وعلوم التسيير، الجزائر، سنة ٢٠١٥-٢٠١٦، ص٤٧ .

4 TAMAYAO, what is governance? August 21, 2014 by tamayaocsu in Politics and Governance, accessed date 25/8/2023, https://tamayaosbc.wordpress.com/2014/08/21/what-is-governance

5 OHCHR and good governance, about good governance, available on OHCHR website, accessed date 1/8/2024, https://shorturl.at/EhXxd

1. لێهاتوویی و کاریگەری ( Effectiveness and efficiency): هەر پرۆسەیەکی بڕیاردان و دامەزراوەکانی پێویستە بتوانن بڕیاری گونجاو دروستبکەن کە وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی کۆمەڵگا بێت، هەروەها پێویستە سەرچاوە و سامانە نیشتیمانییەکان لەلایەن حکومەتەوە بە باشترین شێوە بەکاربهێنرێت[1].
2. بەشداریکردن (Participation): بەشداریکردنی کارای هاوڵاتییان لە هەموو بوارەکانی ژیان، دەرفەتدان بە هەموان تا دەنگیان هەبێت ئەمەش لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییەکانی وەک دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دامەزراوە نافەرمییەکانی وەک پارتی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. جگەلەوە هەموو کەسێک بەبێ جیاوازی مافی ئازادی ڕێکخراوەیی و ڕادەربڕینی هەیە[2].
3. سەروەری یاسا (Rule of law) : حوکمڕانی باش پێویستی بە سەروەری یاسا هەیە کە یاسا بە یەکسانی بەسەر هەمواندا بسەپێنریت، هەروەها پێویستە چوارچێوەی یاسایی لە وڵاتدا بە بێلایەنانە جێبەجێ بکرێت، بەتایبەت سەبارەت بە یاسای مافی مرۆڤ، ئەمەش لەپێناو بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەرفەتی یەکسان[3].
4. وەڵامدانەوە (Responsiveness): حوکمڕانی باش پێویستی بەو پرۆسە و دامەزراوانە هەیە کە هەوڵ بدەن لە ماوەی گونجاودا خزمەت بە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەن[4].
5. لێپرسینەوە (Accountability): واتا هەموو بەرپرس و بڕیار بەدەستەکانی دەوڵەت، کەرتی تایبەت، یان دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕووی چۆنییەتی بەکارهێنانی دەسەڵات ملکەچی پرەنسیپی لێپرسینەوەن لەبەردەم ڕای گشتی و دامودەزگاکانیدا[5].
6. شەفافییەت (Transparency): شەفافیەت یەکێکە لە گرنگترین بنەما و تایبەتمەندی حوکمڕانی باش، واتا ڕوون و ئاشکرایی گفتوگۆکردنی بابەتەکان، ئازادی لە بەدەست گەیشتنی زانیارییەکان دەربارەی وردەکاری کارکردن لە کەرتە جیاوازەکان. پێویستە هەموو سیاسەتێک کە لەلایەن حکومەتەوە دەگیرێتەبەر بەپێی ڕێساکان جێبەجێ بکرێت، ئازادی هەبێت لە گەیشتن بە زانیارییە متمانە پێکراوەکان و ڕێگە لە گەندەڵی بگیرێت[6].
7. مافی مرۆڤ و فرەکلتووری و یەکانگیری کۆمەڵایەتی (Human Rights, Cultural Diversity and social cohesion): لەم چوارچێوەیەدا مافی مرۆڤ واتا ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری. هەروەها فرەکلتووری وەک سەرمایەیەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و جیاوازی کلتووری قبوڵبکرێت. هەوڵی بەردەوام بدرێت بۆئەوەی هەمووان پشکیان لە کۆمەڵگەدا هەبێت،و هەست بە دوورخستنەوە و پەراوێزخستن نەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هارمۆنی و یەکگرتویی کۆمەڵایەتی هەبێت، دەوڵەت هەوڵبدات جیاوازی گەورە لە نێوان چینەکان دروست نەبێت و گەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان پارێزراو بێت، بە تایبەتی بۆ بێبەشترین چینەکان[7].

---

[1] Good Governance: Definition and Characteristics, available on UCLG website, accessed date 1/9/2023 https://uclg-aspac.org/en/good-governance-definition-and-characteristics/

[2] أمين فرج شريف، المصدر السابق، ص٢٨،٢٧.

[3] Good Governance: Op. Cit.

[4] Ibid.

[5] حاتم ظافر حسيب الكردي، دور تطبيق الحكم الرشيد في السلطة القضائية الفلسطينية لتحقيق التنمية المستدامة، المستدامة، أطروحة ماجستير، جامعة الأقصى، فلسطين، ٢٠١٧، ص٢٦.

[6] أمين فرج شريف، المصدر السابق، ص٢٨.

[7] 12 Principles of Good Governance, available on council of Europe website, accessed date 2/9/2023 https://rm.coe.int/12-principles-brochure-final/1680741931

8. دیدگای ستراتیژی(strategic perspective): بریتییە لە دیدگای ستراتیژی بۆ گەشەپێدان، ئەمەش واتا هەبوونی هاوبەشی لە نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت لە ڕێگەی پلانی درێژخایەن بۆ پەرەپێدانی کار و کارکردن لەسەر گەشەپێدانی مرۆیی. تەنانەت لە بەدەستهێنانی دەرئەنجامە ئەرێنییەکانی پلانە داڕێژراوەکان لە چوارچێوەی حوکمڕانی باشدا پێویستە فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لەبەرچاو بگیرێن و خوێندنەوە بۆ مەترسییەکان بکرێت چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە[1].

9. ڕەفتاری ڕەوشتی (ethical conduct): چاکەی گشتی لەپێش بەرژەوەندی تاکەکەسی و ڕێوشوێنی کاریگەر بۆ ڕێگەگرتن و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، هەروەها ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە کاتی خۆیدا ڕابگیرێت. کەسانی پەیوەندیدار و وشیار بەشداربن لە بڕیارە پەیوەندیدارەکان[2].

10. داهێنان و کرانەوە بۆ گۆڕانکاری (innovation and openness to change): چارەسەری نوێ و کاریگەر بۆ کێشەکان و سوودوەرگرتن لە شێوازە مۆدێرنەکانی پێشکەوتنی خزمەتگوزاری، ئامادەیی بۆ ئەزموونکردنی بەرنامە نوێییەکان و فێربوون لە ئەزموونی ئەوانی تر، هەروەها کەشێکی لە بار بۆ گۆڕانکاری دەبێتە هۆی ئارەزووکردن بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامێکی باشتر[3].

## باسی سێیەم

## پەیوەندی نێوان حوکمڕانی باش و مافی مرۆڤ

وەکو ئاماژەمان پێدا مافی مرۆڤ یەکێکە لە پڕەنسیپەکانی حوکمڕانی باش،و لە چوارچێوەی حوکمڕانی باش مافی مرۆڤ تەنها پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو جیاوازی و فرەیی کلتوری و هارمۆنی کۆمەڵایەتی لەخۆی دەگرێت، بۆیە لەسەرەتادا پێویستە بپرسین کلتور چیە؟ ڕێکخراوی یونسکۆ (UNESCO)* پێناسەی کلتور دەکات بە مەفهومێکی گشتی کە کۆمەڵێ فاکتەری دیاریکراوی رۆحی و مادی و هزری و سۆزداریە، کۆمەڵە و گروپە کۆمەڵایەتیەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە،و لایەنی هونەری، شێوازی ژیان، مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، سیستەمی بەها و نەریت و بیروباوەڕ دەگرێتەوە[4].

کەواتە کلتور میراتێکی مێژوویی و شارستانی ئاینییە، بەهۆی پرۆسەیەکی مێژوویی نەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە. بەهۆیانەوە کۆمەڵێ داب و نەریت و بیروباوەر و بەها کۆدەبێتەوە و دروست دەبێت، زمان و فۆلکلۆر و بیروباوەڕی ئاینی و کۆمەڵایەتی بەشێکن لە کلتور. هەروەها فرەیی کلتوریش واتا هەر گروپێك تایبەتمەندی کلتوری جیاوازی خۆی هەیە لە شوێنێك بۆ شوێنیکی تر لە گروپێك بۆ گروپیکی تر جیاوازە و جیاوازی گەورەی کلتوری لەسەر بنەمای ئیتنی و ئاینی و زمانە.

فرەیی کۆمەڵایەتی و کلتووری یەکێکە لە پڕەنسیپە گرنگەکانی حوکمڕانی باش بۆ سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی، پێویستە ئەو جیاوازییە کلتوورییانەی هەن ڕێزیان لێبگیریت، ئەمەش لەڕێگەی یارمەتی مادی بۆ پەرەپێدانی کلتوورەکان بۆ پڕۆژە و بەرنامە کلتوورییەکان. هەروەها لە ڕێگەی بە یاسایی کردنی کلتورەکان، واتا دانانی یاسا لە بواری کاروباری کلتوری وەکو دانانی یاسا بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەی کلتووری، پارێزگاری لە شوێنەوار، دیکۆمێنتەکان، هونەر و کەلەپوری میللی. دانانی یاسا بۆ هاندانی جوڵانەوەی کلتوری، مافی دروستکرنی دامەزراوە و سەندیکای کلتووری جیاواز، بڵاوکردنەوەی بەرهەمی کلتوری،و یاسای بەرگری

[1] حاتم ظافر حسيب الكردي، المصدر السابق، ص٢٦.

[2] 12 Principles of Good Governance, Op. Cit.

3 Ibid.

* UNESCO کورتکراوەی The United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization, ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و کلتور، لە سالی ١٩٤٥ دامەزراوە، پەیام و ئەرکی یونسکۆ بەشداریکردنە لە بنیاتنانی کەلتوری ئاشتی، نەهێشتنی هەژاری و گەشەپێدانی بەردەوام و گفتوگۆی نێوان کولتوورەکان لە ڕێگەی پەروەردە، زانستەکان، کولتوور، پەیوەندی و زانیاری.

[4] مخلوف بكروح؛ حنان الحاج علي؛ مارينا برهمر و اخرون، الدليل الى الادارة الثقافية، ط2، قاهيرة، ٢٠٠٩، ص٠-٥.

کە ئەرکی لادانی بەربەستەکانی بەردەم کلتور و ئاسانکاری بۆ بەرهەمی کلتوری[1]. جگەلەوە بۆ دروستکردنی هارمۆنی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەو کلتوورە جیاوازانە دەبێ هەموو ئەمانەی باسمان کرد بە یەکسانی بوونی هەبێت بۆ هەموو کلتوورە جیاوازەکان لەلایەن دەوڵەت، ئەمەش بۆ گەیشتن بە حوکمڕانی باش و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مافی مرۆڤ و حوکمڕانی باش دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین مافی مرۆڤ و حوکمڕانی باش بە قوڵی وابەستەی یەکترن و یەکتر بەهێز دەکەن، چونکە بنەماکانی مافی مرۆڤ کۆمەڵێ بەها لەخۆدەگرێت بۆ ئاڕاستەکرنی حکومەتەکان و ئەکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی تر، هەروەها بنەماکانی مافی مرۆڤ کۆمەڵێ پێوەری جێبەجێکردن و کارکردن دابین دەکەن لەبەرامبەر ئەو ئەکتەرانەی کە بەرپرسیارییەتی هەڵدەگرن. زیاتر لەوەش بنەماکانی مافی مرۆڤ ناوەڕۆکی ئەرکەکانی حوکمداری باش دیاریدەکەن و ئاشکرایان دەکەن. لەوانەیە بنەماکانی مافی مرۆڤ دۆخی گەشەپێدان و پێشخستنی چوارچێوەی یاسادانان، سیاسەتەکان، پرۆگرامەکان، دابەشکردنی بودجە و پێوانەی تر دیاری بکەن. لەلایەکی تر بەبێ بوونی حوکمێکی باش مافەکانی مرۆڤ ناتوانرێت ڕێزیان لێبگیردرێت و بپارێزرێن بە شێوەیەکی بەردەوام و بەهێز، جێبەجێ کردنی مافەکانی مرۆڤ پشت دەبەستێ بە ژینگەیەکی بەهێز و شیاو، ئەمەش تەرخانکردنی چوارچێوەی یاسایی و سیاسی لە خۆی دەگرێت، هەروەها پرۆسەی بەڕێوەبردنی کارگێری و بەرپرسیارییەتی بۆ وەڵامدانەوەی مافەکان و پێداویستیەکانی دانیشتوان و خەڵك[2].

زیاتر لەوە بنەماکانی مافی مرۆڤ چوارچێوەی حوکمڕانی باش بەهێز دەکەن. حوکمڕانی باش پێویستی بە تێپەڕین لە پەسەندکردنی پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ و تێکەڵکردنی مافی مرۆڤە بە شێوەیەکی کاریگەر لە یاسادانان، سیاسەت و پراکتیزەکانی دەوڵەت هەیە، هەروەها دامەزراندنی بەرزکردنەوەی ئاستی دادپەروەری وەک ئامانجی سەروەری یاسا، تێگەیشتن لەوەی لە متمانەی دیموکراسی پەیوەستە بە کاریگەری وەڵامدانەوە بۆ خواستە ئابووری، سیاسی،و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک وەک بەرزکردنەوەی چاودێری و هاوسەنگی لە نێوان دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی حوکمڕانی، کاریگەری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە پێویستەکان بەتایبەتی یەکسانی جێندەری (gender equality) و هەمەچەشنی و فرەیی کلتووری، دروستکردنی ئیرادەی سیاسی و بەشداری هۆشیاری گشتی، وەڵامدانەوەی ئاڵنگاریە سەرەکییەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانی باش وەک گەندەڵی و ململانێی توندوتیژ[3].

ئەمەش واتا مافەکانی مرۆڤ چوارچێوەیەکی پێوانەیی دابین دەکات کە دەبنە بناغە بۆ حوکمڕانی باش وەک شەفافیەت، لێپرسینەوە، بەشداریکردن، یەکسانی و سەروەری یاسا. سیستەمێکی حوکمڕانی کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و بەرەوپێشی ببات و ژینگەیەک دروست بکات کە تاکەکان بتوانن بەشێوەیەکی مانادار بەشداری لە پرۆسەکانی بڕیاردان و لێپرسینەوە لە سەرکردەکان بکەن. جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تر جەخت لەسەر پابەند بوونی دەوڵەت دەکەنەوە بۆ بەرزڕاگرتنی مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان[4].

هەروەها پراکتیزەکردنەکانی حوکمڕانی باش دابینکردنی کاریگەر و کارای خزمەتگوزارییەکان و بەڕێوەبردنی دادپەروەرانەی دادگایی کردن مسۆگەردەکەن کە گرنگن بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. بۆ نمونە حوکمڕانی شەفاف گەندەڵی کەمدەکاتەوە،و

[1] المصدر النفسه، ص٥٠.

[2] good governance practices for the protection of human rights, united nations publications, ISBN978-1-154179-3, New-York and Geneva 2007, P,1-2.

[3] what is the relationship between human rights and good governance, available on hrbaportal, accessed date 25/1/2024, https://hrbaportal.org/faq/what-is-the-relationship-between-human-rights-and-good-governance/

[4] OHCHR and good governance, Op. Cit., And MANOJ KUMAR SINHA, Human Rights and Good Governance, published in the Indian Journal of International Law, vol. 46, n. 4, 2006, PP,95,96.

دەستراگەیشتن بە سەرچاوە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مسۆگەردەکات. بەهەمان شێوە حوکمڕانی بەشدارانە، گروپە پەراوێزخراوەکان بەهێزدەکات یەکگرتوویی و لەخۆگرتنی کۆمەڵایەتی بەرزدەکاتەوە و نایەکسانی کەمدەکاتەوە[1]

بە شێوەیەکی کرداری چەند پێوەرێک هەیە بۆ پەیوەستی نێوان حوکمرانی باش و مافی مرۆڤ کە ئەمانەن[2]:

- پێوەری لێپرسینەوە: لە دیدگای حوکمڕانی باش هەرکەسێک بڕیار دەربکات و جیبەجێی بکات دەبێت ئامادەی لیپرسینەوەش بێت، لێپرسینەوەی جۆراوجۆریش هەیە کە سیاسییە لەسەر ئەوانەی لەسەر ئاستی دەوڵەت بڕیار دەدەن و دروست دەکەن، لێپرسینەوەیان لێدەکرێت لە وێستگەی شەفاف و بەردەست بوونی مافی بەشداری هەمووان، هەروەها مافی تاک لە لێپرسینەوەی فەرمانرەوا لە سەرکەوتنی لە جیبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکان، جگەلەوە لێپرسینەوەی کارگێری و دادوەری بوونی هەیە.
- پێوەری ماف: یەکێک لە پاساوەکانی دەرکەوتنی چەمکی حوکمڕانی باش ئەوەیە لە دیموکراسی نوێنەرایەتی ئەو کەسەی لەرێگەی دەنگدان هەڵدەبژێردرێت، بەرپرسیارییەتی حوکمڕانی لە ئەستۆدەگرێت. ئەم دیموکراسییانەش ڕووبەڕووی قەیران بونەتەوە بۆیە پێویستی بە قەرەبووکردنەوە هەبووە بە بەکارهێنانی دیموکراسی بەشداریکردن، واتا بەشداریکردنی تاک و ڕێزگرتن لە بنەمای جیاکاری نەکردن، نەک لەسەر بنەمای ڕەگەز، ئایین، رەنگ بۆ بەشداریکردن لە داڕشتن و جێبەجێکردنی بڕیارەکان و پەرەپێدانی سیاسەتی گشتی، کە مافێکی بنەڕەتییە لە جاڕنامەی گشتی مافی مرۆڤ، هەروەها پەیمانی نێودەوڵەتی مافە سیاسی و مەدەنییەکان.
- پێوەری ئازادییەکان: ڕێزگرتن لە ئازادییە گشتی و تاکەکان بنەمایەکی حوکمڕانی باشە، بۆ دانپێدانان بە بەهای تاک و مەیلی کەسی یان بیرۆکەکانی و مافی هەڵبژاردنی شێوازی ژیان.
- پێوەری ئازادی ڕاگەیاندن و ڕادەربرین: مافی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ویژدان و گەیشتن بە زانیاری .

نمونەی پراکتیکی لە کاریگەری مافی مرۆڤ لەسەر حوکمڕانی باش بریتییە لە حوکمڕانی دوای سیاسەتی ئاپەرتاید (Apartheid) لە باشووری ئەفریقا کە حوکمڕانییەکەی بە پابەندبوون بە مافی مرۆڤ لە ڕێگەی دەستورەکەیەوە لە قاڵب دراوە، دەستوور جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکسانی و دادپەروەری و ئازادی. دەستووری باشووری ئەفریقا دوای پرۆسەیەکی گشتگیر دروستکرا بە ئامانجی چارەسەرکردنی گەلانی باشووری ئەفریقیا کە دەیان ساڵ گیرۆدەی ستەم و جیاکاری ڕەگەزی بوون. یاسای مافەکان کە لە بەشی دووەمی دەستوورەکەدا هاتووە مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووریەکان بۆ هەموو خەڵکی ئەفریقیای باشوور گرێنتی کراوە[3].

کەواتە پەیوەندی وابەستەیی نێوان مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانی باش جەختدەکەنەوە لەسەر پێویستی تێکەڵکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و چوارچێوە و پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باش. مافەکانی مرۆڤ سەرنجیان لەسەر پاراستنی شکۆ و ئازادی تاکەکانە. حوکمڕانی باش جەخت لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی کاریگەر و ئەخلاقی و بەشداریکردن دەکاتەوە. بنەماکانی مافی مرۆڤ و حوکمڕانی باش پێکەوە چوارچێوەیەک دروست دەکەن کە لەگەڵ پاراستنی تاکەکان، خۆشگوزەرانی بەکۆمەڵ دروستدەکات. سیستەمێکی حوکمڕانی باش کە ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگرێت، جگەلەوەی ڕەوایەتی و متمانەی گشتی بەدەست دەهێنێت، ژینگەیەکی سەقامگیریش دروست دەکات بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە. بە پێچەوانەوە، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەبێتە هۆی خراپی حوکمڕانی کە گەندەڵی، نایەکسانی و ناسەقامگری تیایدا باوە. دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگ

---

[1] Good governance practices for the protection of human rights, Op. Cit. P,2.

[2] توفيق الذهبي، الحكم الرشيد وعلاقته بحقوق الانسان، عن الموقع التكتيكات الجديدة فى حقوق الإنسان، ٢٠٢١/١/٧، متاح على العنوان الإلكتروني الآتي: https://shorturl.at/1Exyb ، التأريخ الزيارة ٢٠٢٣/٩/٦

[3] Introduction: Transition to Democracy, available on facing history, accessed date 20/12/2024, https://www.facinghistory.org/resource-library/introduction-transition-democracy

دەگێڕیت بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باش تابتوانن چالاکانە بەشداربن لە دروستکردنی سیستەمی لێپرسینەوە و بەرگری کردن لە مافەکانی مرۆڤ.

**باسی چوارەم**

**کۆمەڵگە فرەییەکان**

جۆن فورنیڤاڵ (John Furnivall)* کۆمەڵگەی فرەیی بە بوونی دوو یان زیاتر لە دوو پێکهاتەی جیاواز دەناسێنێت کە شان بەشانی یەکتر دەژین، بەڵام بە جیا لە یەک قەوارە و یەکەی سیاسیدا؛ هەروەها دابەشبوونی ئابووری هاوکاتە لەگەڵ دابەشبوونی کەلتووری[1].

ئارنت لیبهارت (Arend Lijphart) پێناسەی کۆمەڵگای فرەیی دەکات بەوەی کە کۆمەڵگایەکی دابەشبووە و پارتە سیاسییەکان، گروپەکانی بەرژەوەندی، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، قوتابخانەکان و کۆمەڵە خۆبەخشییەکان مەیلیان هەیە بۆ ڕێکخستن بە درێژایی هێڵەکانی دابەشبوونە کەرتییەکان، ئەم دابەشبوونانەش بریتین لە دابەشبوونی ئاینی، ئایدۆلۆژی، زمانی، هەرێمی، کەلتوری، ڕەگەزی یان سروشتی نەتەوەیی و نەژادی. ئەو گروپە دانیشتوانانەی ئەم دابەشبوونانە دەیانگرێتەوە بە کۆمەڵگای فرەیی ناو دەبردرێن[2].

زیاتر لەوە کۆمەڵگایەک فرەییە ئەگەر لە ڕووی کولتوورییەوە هەمەچەشن بێت و بەشە کولتوورییەکانی لە بەشە سیاسییە یەکگرتووەکاندا ڕێکبخرێن. هەمەجۆریی کلتووری وەک مەرجێکی پێویست بۆ کۆمەڵگەیەکی فرەیی دادەنرێت. ئەگەر کۆمەڵگایەک فرەیی بێت، ئەوا لە ڕووی کولتوورییەوە هەمەچەشنە. بەڵام نزیکەی هەموو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن لە ڕووی کولتوورییەوە هەمەچەشنن. بەم پێیە، هەرچەندە بوونی گرووپە نەتەوەییە باش پێناسەکراوەکان کە بە گشتی بەهای ناتەبایان هەیە، مەرجێکی پێویستی کۆمەڵگەی فرەیی پێکدەهێنێت، بەڵام تاکە مەرجیش نییە[3].

هەروەها گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای فرەیی بریتین لە[4]:

- زیاتر لە یەک پێکهاتەی کولتووری هەیە.
- بەهای بنەڕەتی ڕێککەوتنێکی هاوبەشە و ئاڵوگۆڕە کە ئەستەمە بەرەوپێشەوە بچێت.
- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تەواوکەر نییە.
- هەژموونی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی هەیە.
- پرۆسەی یەکگرتن خاوە.
- بوونی ململانێی کۆمەڵایەتی.

---

* جۆن فورنیڤاڵ مێژوونووس و ئابووریناسی کاریگەری باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە ساڵی ١٨٧٨ لە ئینگلتەرا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٦٠ مردووە، فورنیڤاڵ چەمکی کۆمەڵگەی فرەیی داهێناوە.

1 ALVIN RABUSHIP and KENNETH A. SHEPSLE, Politics in Plural Societies: A Theory of Democratic Instability, Pearson Education, New York, 2009, P 20.

2 آرنت ليبهارت، الديمقراطية التوافقية في مجتمع متعدد، ترجمة: حسني زينه، معهد الدراسات الاستراتيجية، بغداد، بيروت، ٢٠٠٦، ص١٥.

3 ALVIN RABUSHIP and KENNETH A. SHEPSLE, Op. Cit. P,20.

4 تعريف المجتمع متعدد الثقافات ، الخصائص ، السمات، العوامل، الأنواع، التأثيرات، متاح عن موقع انفوتيج، التأريخ الزيارة ٢٠٢٣\١٢\٢٠، https://infotech-web.com/ar/advices/7765-definition-of-multicultural-society-characteristics-traits

هەروەها ئەوەی لە کۆمەڵگە فرەییەکان سەرنجڕاکێشە کە جۆن فۆرنیڤاڵ ئاماژە بە بوونی داواکاری و خواستە نەتەوەییە جیاوازەکان دەکات وەک بنەمایەک بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی فرەیی لە هاوتا هاوچەشنەکەی (کۆمەڵگای هاوچەشن و نافرەیی). لە کۆمەڵگەی فرەییدا، تاکە شوێنی کۆبوونەوەی هاوبەش کە بۆ کلتوورە جیاوازەکان بەردەست بێت، بازاڕە (market). هەرچەندە کەسەکان و تاکەکان لە ڕووی کلتوورییەوە جیاوازن، بەڵام فۆرنیڤاڵ جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموویان لە خواستە ئابوورییەکانیاندا هاوشێوەن و هەریەکەیان ئارەزووی قازانج دەکەن. لەگەڵ نەبوونی کۆدەنگی نیشتمانی (ئیرادەیەکی کۆمەڵایەتی هاوبەش)، بەڵام کێبڕکێی ئابووری لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا تاکە چالاکیی هاوبەشە کە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت. هەموو چالاکییەکانی دیکە بە بەها کلتوورییە تایبەتەکانی پێکهاتە جیاکراوەکان دیاری دەکرێن. بەو پێیەی بەهاکانی هەر یەکێک کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو ناتوانرێت وەک ڕێبەرێک بۆ بەڕێوەبردنی ڕەفتاری ئەوانی دیکە بەکاربهێنر.[1]

دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگا فرەییەکان پشت دەبەستێت بە دانان بە هەمەچەشنی و فرەیی و ڕێزگرتن لە فرەیی، هەروەها گرێنتی کردنی دادپەروەری و یەکسانی، لەگەڵ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان مافی تاکەکان و کۆمەڵەکان. بۆ ئەمەش لە مادەی چوارەمی ڕاگەیاندنی جیهانی یونسکۆ بۆ هەمەچەشنی کلتووری، ئاماژە بەوە دراوە کە مافی مرۆڤ وەکو گرێنتییەکە بۆ فرەیی و هەمەچەشنی کلتووری. بەرگریکردن لە فرەیی کلتووری پێویستییەکی ڕەوشتییە، جیاناکرێتەوە لە ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤ. واتا پابەندبوونە بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، بەتایبەتی مافی کەمینەکان و هاوڵاتیانی ڕەسەنن. ناکرێت هیچ کەسێک بانگەوازی فرە کەلتوری بکات بۆ مەبەستی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سنووردارکردنی مافەکان کە گرێنتی کراون بە یاسای نێودەوڵەتی[2].

کەواتە دانان و ڕێزگرتن لە فرەیی و هەمەچەشنی لە کۆمەڵگا فرەییەکان پێویستی بە پابەندبوون بە یەکسانی، گفتوگۆ و گشتگیری هەیە. ئەمەش لە ڕێی گرێنتیکردنی دەرفەتی یەکسان و مافەکان بۆ گشت تاکەکان و گروپەکان، هێنانەکایەی دادپەروەری و یەکسانی بە تایبەت بۆ گروپە پەراوێزخراوەکان. دروستکردنی ژینگەیەک بۆ گفتوگۆی کراوە لە نیوان گروپەکان، ئەمەش بۆ دروستکردنی متمانە و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە ئاشتیانە، هەروەها نوێنەرایەتیکردنی دەنگە هەمەچەشنەکان لە پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیار،و هاندانی بەشداریکردنی گروپە جیاوازەکان بۆ دڵنیابوون لە ڕەچاوکردنی دیدگا و پێویستییەکانیان. بۆ ئەمەش حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و تاکەکان پێویستە بە شێوەی کۆمەڵ و گروپ کاربکەن بۆ هێنانەکایەی ژینگەیەک کە فرەیی و هەمەچەشنی پارێزراو بێت و هەموو گروپەکان هەست بە ڕێزلێگیراوی و بەهای خۆیان بکەن.

## بەشی دووەم

## ڕۆڵی مافەکانی مرۆڤ لە بەرجەستە بوونی حوکمڕانی باشدا لە کەنەدا و عێراق

لەم بەشەدا کە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، هەوڵدەدەین گرنگترین پڕەنسیپەکانی حوکمڕانی باش لە هەردوو وڵاتی کەنەدا و عیراق بخەینەڕوو، هەروەها تیشک دەخەینە سەر ڕۆڵی پارستنی مافەکانی مرۆڤ لە بەرجەستەکردن و گەیشتن بە حوکمڕانی باش لە هەردوو ئەزموونی کەنەدا و عێراق، دواتر لایەنە هاوبەش و جیاوازەکانی هەردوو ئەزموونەکە دەخەینەڕوو.

### باسی یەکەم

### گرنگترین پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باش لە کەنەدا و عێراق

لە بەشی یەکەم ئاماژەمان بە چەندین پڕەنسیپی جۆراوجۆری حوکمڕانی باشدا، بۆیە لەم باسەدا چەند پڕەنسیپێکمان وەکو گرنترین پرنسیپەکانی حوکمڕانی باش هەڵبژاردووە و لە هەردوو وڵاتی کەنەدا و عێراق باسی دەکەین. وەکو پڕەنسیپی بەشداری، سەروەری یاسا، شەفافییەت،و لێپرسینەوە. دواتر بە وردی باس لە پڕەنسیپی مافی مرۆڤ دەکەین لە کەنەدا و عێراق، چونکە مافی مرۆڤ و یەکانگیری کۆمەڵایەتی پڕەنسیپێکی گرنگی حوکمڕانی باشە و ڕۆڵی هەیە لە بەرجەستەکردن و گەیشتن بە حوکمڕانی باش.

---

[1] ALVIN RABUSHIP and KENNETH A. SHEPSLE, Op. Cit. P,11.

[2] UNESCO Universal Declaration on Culture Diversity, France, 2002.

لقی یەکەم: پرنسیپەکانی حوکمڕانی باش لە کەنەدا

پێش باسکردن لە گرنگترین پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باش لە کەنەدا، گرنگە بزانین کەنەدا دەکەوێتە باکوری کیشوەری ئەمریکای باکوور، نیشتیمانی نزیکەی ٣٨ ملیۆن کەسە کە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی هەمەچەشنی تیادا دەژێت[1]. سیستەمی سیاسی کەنەدا پەرلەمانی پاشایەتی دەستوریە، لە دە (١٠) پارێزگا و سێ (٣) هەرێم پێکهاتووە، حکومەتێکی فیدراڵ وەک دەزگای سەرەکی کارگێڕی کاردەکات، بەڵام هەر پارێزگایەک حکومەتی تایبەتی خۆی هەیە کە بە پێی دەستوور کایە و بەرپرسیارێتییە ناوخۆییەکان بەڕێوەدەبات[2]. گرنگترین پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باش لە کەنەدا بریتین لە:

1. بەشداریکردن: کەنەدای فیدراڵ لە سەرەتای پێکهێنانیەوە کاردەکات بۆ گەیشتن بە چەمکی بەشداری کاریگەر لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتەکانی پارێزگاکان (هەرێمەکان) لەسەر بنەمای سیستەمی فیدراڵی، دەستووری کەنەدای ساڵی ١٨٦٧ کاری لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتەکانی پارێزگاکاندا کردووە. سیستەمی حکومەت لە کەنەدا پەرلەمانییە و سروشتی فیدراڵی کەنەدا بنەمای سیستەمی هەڵبژاردنەکانی پێکدەهێنێت، هەر پارێزگایەک جگە لە سیستەمی هەڵبژاردنی فیدراڵی سیستەمی هەڵبژاردنی تایبەتی خۆی هەیە. جاڕنامەی ماف و ئازادییەکانی کەنەدا، مافی بەشداریکردنی کاریگەر لە هەڵبژاردنەکانی دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی و دەسەڵاتی یاسادانانی پارێزگاکان گەرەنتی دەکات. گەیشتن بە بەشداری کاریگەر لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی بەشداریی هەمووان لە دەنگدان و ئەندامبوون لە پارتە سیاسییەکان و کاروباری گشتیدا لەسەر ئاستی نیشتمانی و پارێزگاکان کە ئەمەش بەڕێوەبردنی دروستی دەوڵەت بەرز دەکاتەوە و متمانەی تاکەکان بە سیستەمی سیاسی زیاد دەکات و دڵسۆزی و دڵبەندی بۆ دەوڵەتی کەنەدا بەهێزتر دەکات[3].

2. سەروەری یاسا: کەنەدا وڵاتێکی دیموکراسییە و دەستوورێکی هەیە کە بنەمای سەروەری یاسایە، لە کەنەدا کار بە بنەمای یەکسانی لە بەرامبەر یاسا دەکرێت، ئەمەش ڕێگری دەکات لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و دڵنیایی دەدات بۆ دادپەروەری گشتی. جگەلەوەی لەسەر ئاستی ناوەندی و پارێزگاکان یاساکان گرێنتی یەکسانی سوود وەرگرتنی گشت کەنەدییەکان دەکەن لە خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزارییەکان و پێشکەوتنە ئابوورییەکان لە ڕێی میکانیزمەکانی حوکمڕانی باش کە پشت دەبەستن بە بنەمای ڕێزگرتن لە پرەنسیپی یەکسانی و دەرفەتی یەکسان بۆ سودمەندبوون لە گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی. ئەمەش دڵبەندی هاووڵاتیان بۆ دەوڵەت بەرز دەکاتەوە و ڕێگری دەکات لە جودا خوازی[4].

3. شەفافییەت: بۆ گەیشتن بە شەفافیەت حکومەتی کەنەدا پابەندە بە بنەمای حکومەتی کراوە (open government)، لە ڕێگەی داتا و زانیاری و گفتوگۆی کراوە و ئاسان دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان. ئەمەش بۆ باشتر لێپرسینەوە لە پەرلەمان و حکومەت و بەرپرسانی کەرتی گشتی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی[5]. جگەلەوە لە کەنەدا یاسای دەستڕاگەیشتن بە زانیاری هەیە (Access to Information Act)، مەبەست لەم یاسایە بەرزکردنەوەی لێپرسینەوە و شەفافیەتی دامەزراوە فیدراڵییەکانە

---

[1] Matthew Parrym, Canada's Parliament and other political institutions, European Parliamentary Research Service, European Union 2022, P,1.

[2] Schlager, N. and Welsblatt, J. World Encyclopedia of Political Systems and Parties. Fourth Edition. New York, 2006, P,209.

[3] محمد جبار كريدي ، .د. ياسر عطيوي عبود، مؤشر الحكم الرشيد في التشريعات الكندية (دراسة مقارنة)، مجلـة دراسات البصـرة، جامعة البصرة مركز دراسات البصرة و الخليج العربي، السنة السادسة عشرة / ملحق العدد (٤٢) كانون الأول ٢٠٢١، ص١٥٨-١٦٠.

[4] المصدر النفسه، ص١٦٠.

[5] Open Government Portal, the official website of the Government of Canada, accessed date 1/2/2025, https://search.open.canada.ca/data/

بەئامانجی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگایەکی کراوە و دیموکراسی کە بتوانرێت مشتومڕی گشتی لەبارەی بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوانە بکرێت[1].

یەکێک لەو ڕێوشوێنانەی کە حکومەتی کەنەدا بۆ شەفافییەتی زیاتر گرتویەتیەبەر بریتییە لە ئاشکراکردنی پێشوەختەی زانیارییەکانی پەیوەست بە سەرچاوە دارایی و مرۆییەکان لە لایەن دامەزراوەکانی دەوڵەت. حکومەتی کەنەدا لە ساڵی ٢٠٠٤ سیاسەتێکی نوێی ڕاگەیاند سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی زۆرەملێی ئەو گرێبەستانەی کە بەهایان لە ١٠،٠٠٠ دۆلار زیاترە، هەروەها سەرۆک وەزیرانی ساڵی ٢٠٠٣ پێویستی ئاشکراکردن و بڵاوکردنەوەی ناچاری بۆ خەرجییەکانی گەشت و میوانداری بۆ فەرمانبەرانی حکومەت ڕاگەیاند[2]. بە پێی ڕیزبەندی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی* بۆ ساڵی ٢٠٢٤ کەنەدا بۆ شەفافییەت خاوەن (٧٥) خاڵە لە کۆی (١٠٠) خاڵ، بەمەش کەنەدا لە پلەی (١٥)هەمینە لە کۆی (١٨٠) وڵات لە ڕووی شەفافییەت[3].

4. لێپرسینەوە: دەستووری کەنەدا سیستەمی پەرلەمانی پەسەند کردووە کە حکومەتی خستۆتە ژێر لێپرسینەوەی پەرلەمان، وەزیرەکانیش بە هاوبەشی بەرپرسیارن لە هەموو بڕیارەکانی کابینە و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی لەبەردەم ئەنجومەنی گشتی دادەنرێن بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵاتەکانیان. بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە کاربکەن بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەست بهێنن،و بتوانن یاسا دەربکەن و دەسەڵاتی خەرجکردنیان پێبدەن. بۆیە بیرۆکەی (حکومەتی بەرپرسیار) یەکێکە لەو بنەمایانەی کە سیستەمی پەرلەمانی کەنەدا لەسەری دامەزراوە. هەروها ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن لە ئەنجومەنی نوێنەران و لێژنەکان کاردەکان بۆ ئەوەی بە ئاشکرا لێپرسینەوە لە حکومەت و بڕیارەکانی بکەن جگەلەوەی دەستووری کەنەدا حکومەتی خستۆتە ژێر چاودێری دەسەڵاتی یاسادانان، هەروەها دامەزراوەی تر هەن کە حکومەت ملکەچی چاودێری خەرجکردنی سەرچاوە و سامانی دەوڵەت و توانای گەیشتن بە ڕێککەوتنی گونجاو بۆ ئەم سەرچاوانە دەکەن، بۆ گەیشتن بە سیاسەتی پەرەپێدانی هەمەلایەنانە و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی کە ئاماژەن بۆ حوکمڕانی باش لە کەنەدا[4].

کەواتە لەگەڵ بنەمای 'حکومەتی بەرپرسیار' کاری وەزیرەکان لە نزیکەوە چاودێری دەکرێت لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بە سەرکردایەتی ئۆپۆزسیۆنێکی فەرمی دانپێدانراو، هەروەها حکومەت بەرپرسیارە بەرامبەر پەرلەمان.

لقی دووەم: گرنگترین پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باش لە عێراق

دوای جەنگی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی لە عێراق دەستی پێکرد. سیستەمی حوکمڕانی گۆڕا لە سیستەمی چڕکرنەوەی دەسەڵات لە دەستی یەک کەس بۆ سیستەمی دابەشکردنی دەسەڵات. هەروەها لە دەوڵەتێکی سادەی یەکگرتوو گۆڕدرا بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی، پارت و گروپ و کوتلەی سیاسی سەریانهەڵدا کە ڕۆڵیان هەبوو لە داڕشتنی پەیکەری

---

[1] Access to Information Act, R.S.C., 1985, c. A-1, Last amended on October 15, 2024, P,1.

[2] محمد جبار كريدي ، .د. ياسر عطيوي عبود، المصدر السابق، ص١٦١.

* ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی (Transparency International) ڕێکخراوێکی جیهانی قازانج نەویستی ناحکومییە، لە ساڵی ١٩٩٣ دامازراوە و بارەگای سەرەکی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیایە. ئەم ڕێکخراوە لە ئێستادا لە زیاتر لە ١٠٠ وڵاتدا کاردەکات بۆ کۆتاییهێنان بە نادادپەروەری گەندەڵی.

[3] Our work in Canada, transparency International, accessed date 2/2/2025

https://www.transparency.org/en/countries/iraq

[4] محمد جبار كريدي، .د. ياسر عطيوي عبود، المصدر السابق، ص١٦١-١٦٢.

سیاسی عێراقی نوێ[1]. دوای پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، دەستوور دەوڵەتی عێراقی وەک کۆمارێکی فیدڕاڵ و حکومەتی پەرلەمانی ناساند[2]. گرنگترین پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باش لە عیراق بریتین لە:

1. بەشداریکردن: دوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق، دەستوور سیستمی پەرلەمانی و فرەیی سیاسی پەسەند کرد. گواستنەوەی وردە وردە بەرەو دیموکراسی دەستی پێکرد کە جەوهەرەکەی گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات و بەشداری گشتگیرە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن. مافی هەڵبژاردن درا بە هاوڵاتییانی عیراق بۆ دیاریکردنی کەسانی شایستە بۆ نوێنەرایەتی کردنییان لە پەرلەمان و دواتر متمانە بەخشین بە حکومەت. هەرچەندە هاوڵاتی عێراقی بە تایبەت دەنگدەر، دەبێتە پایەی گۆڕانی سیاسی بە دەنگەکەی لە هەر خولێکی هەڵبژاردندا. لە ماوەی چوار ساڵ بڕیارە هاوڵاتی چاودێری ئەو کەسانە بێت کە دەنگی خۆی پێداوە، بەڵام بابەتەکە ئەوەندە ئاسان نییە و ئاڵنگاری و سەختی هەیە. ئەم ئاڵنگارییانەش هەندێکیان گشتین و پەیوەندییان بە کلتووری سیاسی عێراق هەیە و هەندێکیان پەیوەندی بە سروشتی پرۆسەی سیاسی و شکستەکان لە بەڕێوەبردنی قۆناغەکەدا هەیە[3].
لە عیراق ڕێژەیەکی زۆر لە پارت و کوتلەی سیاسی هەن کە بەپێی نەتەوە و ئایین و مەزهەب وەکو (کورد، سونە، شیعە، مەسیحی و تورکمان) دابەشبوون، ئەمانە بە پێی دەستوور ڕێگە پێدراون و بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی. جگەلەوە خۆپیشاندان و چالاکی مەدەنی بوونیان هەیە، بەڵام دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین ئاڵنگاری هەیە لەبەردەم بەشداری سیاسی لە عێراق وەک هەبوونی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات وایکردووە بەشێک لە عێراقییەکان هەست بکەن کە بەشدار نین لە دروستکردنی بڕیار، هەروەها ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی، توندوتیژی سیاسی، دابەشبوونی ئیتنیکی و طائیفی کاریگەری خراپیان هەبووە لەسەر بەشداری سیاسی.

2. سەروەری یاسا: لە مادەی (٦و٥)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق ئاماژە بەوە دراوە کە سەروەری بۆ یاسایە، گەل سەرچاوەی دەسەڵات و ڕەوایەتی دەسەڵاتە لە ڕێی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنی، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ئاشتیانە دەبێت لە ڕێی میکانیزمی دیموکراسی کە لە دەستوور ئاماژەیان پێکراوە[4]. هەرچەندە چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی بۆ سەروەری یاسا بریتییە لە دەستووری عێراق و سیستەمی دادوەری کە خۆی دەبینێتەوە لە ئەنجومەنی باڵای دادوەری و دادگای باڵای فیدڕاڵی و دادگای هەمەجۆری تر، هەروەها هەبوونی دەستەی دەستپاکی (النزاهة) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و چەندین دامەزراوەی تر بۆ جێبەجێکردنی یاسا و سەروەری یاسا، بەڵام هێشتا عێراق کێشەی گەورەی هەیە لە گەیشتن بە سەروەری یاسا وەک هەبوونی گەندەڵی، دەستێوەردانی گروپە سیاسی و چەکدارییەکان لە بڕیارەکانی دادگا و لاوازی سەربەخۆیی دادوەری[5].

3. شەفافییەت: عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی بە گەندەڵی سیاسی و کارگێری ناسراوە و ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر هەبوونی شەفافییەت داناوە، بەڵام دەستەی دەستپاکی (النزاهة) لە عیراق پێشکەوتنی ڕیزبەندی عێراقی لە پێوەرەکانی تێڕوانینی جیهانی بۆ گەندەڵی ڕاگەیاندووە، بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ عێراق لە ڕیزبەندی

---

[1] د. السيد عمر، أ. د. أحلام السعدي فرهود، طه أحمد علوان، الحتلال الأمريكي للعراق وإعادة هيكلة السلطة السياسية، المجلة العلمية للبحوث والدراسات التجارية، المجلد 31 - العدد 3، جامعة حلوان، كلية التجارة وإدارة الأعمال، سبتمبر ٢٠١٧، ص٦١٢،٦٠٢.

[2] Schlager, and Welsblatt, Op. Cit. P, 632.

[3] علي مراد العبادي، المشاركة السياسية في العراق والعزوف الانتخابي، الصفحة المركز الفرات، التأريخ الزيارة ٢٠٢٥/٢/١، https://fcdrs.com/polotics/1583

[4] الدستور الجمهورية العراق، ٢٠٠٥.

5 د. ظافر مدحي فيصل، د. ظريفي نادية، ضمانات مبدأ سيادة القانون العراق والجزائر نموذجا، مجلة العلوم القانونية/ كلية القانون-جامعة بغداد/ العدد الخاص لبحوث مؤتمر فرع القانون العام المنعقد تحت عنوان"الاصلاح الدستوري والمؤسساتي الواقع والمأمول" للمدة 13-2018/11/14، ص١٩٥-١٩٨.

(١٥٣)هەمین بووە لە کۆی (١٨٠) وڵات،و (٤) پلە پێشکەوتووە بە بەراورد بە ڕیزبەندی ساڵی ٢٠٢٢ کە لە پلەی ( ١٥٧ )دا بووە، ئەمەش بەهۆی پابەندبوونی عێراق بە ڕێککەوتنە نێودەڵەتی و هەرێمییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەردەوامی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی[1]، هەروەها بۆ ساڵی ٢٠٢٤ دووبارە عێراق پێشکەوتنی بەرچاوی تۆمارکردووە لە کۆی (١٠٠) خاڵ (٢٦) خاڵی تۆمار کردووە، بەمەش ڕیزبەندیەکەی بۆتە (١٤٠) لە کۆی (١٨٠) وڵات[2].

4. لێپرسینەوە: بەپێی دەستوور ئەنجوومەنی نوێنەران کە پەرلەمانی عێراقە، دەزگای سەرەکی یاسادانانە، ڕۆڵی سەرەکی بریتییە لە دەرکردنی یاسا و چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق. ئەنجومەنی نوێنەران ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دەستەبەرکردنی لێپرسینەوەی حکومەت لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی فەرمی و یاساییەوە. ئەرکەکەی بریتییە لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونی بە یاساکان و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات. هەر نوینەرێک لە پەرلەمان دەتوانێت بە ڕەزامەندی ٢٥ نوینەر لێپرسینەوە لە سەرۆک وەزیران یان وەزیرەکان بکات[3].

هەرچەندە لێپرسینەوە لە عیراق لە ئاستی پێویست دانییە، بەڵام چەندین هەوڵ هەبووە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لێپرسینەوە و بەرپرسیارییەتی لە عێراق وەک دامەزراندنی دەستەی دەستپاکی و ئەکادیمیای بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی، هەروەها چاکسازییە دادوەرییەکان و گۆڕینی دیجیتاڵی کە لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەکادیمیای بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی بە سەرپەرشتی دەستەی دەستپاکی عێراق و بە هاوکاری بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان، سیستەمی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیی لەیزەرفیچی (Laserfiche) ڕاگەیاند. ئەم ئامرازە دجیتاڵیە ئامانجی ئاسانکاری و ڕێکخستنی ڕێڕەوی کارەکان و بەرزکردنەوەی شەفافییەت و کەمکردنەوەی گەندەڵی لەڕێگەی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ئۆتۆماتیکی و دڵنیا بوون لە دەستڕاگەیشتنی گشتی بە زانیارییە گرنگەکان[4].

سەرەڕای هەبوونی ڕێوشوێن و مادەی دەستووری بۆ لێپرسینەوە و دامەزراوەی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی، بەڵام ئەمانە نەبوونەتە هۆی دروستبوونی لێپرسینەوەی ڕاستەقینە لە عێراق . بۆ نمونە عێراق تۆمارکەری نزمترین نمرەکانە لە پێوەرەکانی حوکمڕانی جیهانی بانکی نێودەوڵەتی لەڕووی گوێگرتن، لێپرسینەوە، سەروەری یاسا و کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی[5].

خشتەی ژمارە (١) دۆخی عیراق بە گوێرەی پێوەرەکانی حوکمڕانی باش لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٦-٢٠٢١)

| ساڵ | مافی ڕا دەربڕین و لێپرسینەوە | سەقامگیری سیاسی | کارایی حکومەت | دامەزراوەیی و ڕێکخستنی جۆری | سەروەری یاسا | دژایەتی گەندەڵی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٦ | ٪٢٢ | ٪٥ | ٪١٤ | ٪١٦ | ٪٧ | ٪٨ |
| ٢٠١٧ | ٪٢٠ | ٪٤ | ٪١٤ | ٪١٤ | ٪٨ | ٪٩ |
| ٢٠١٨ | ٪٢١ | ٪٣ | ٪١٤ | ٪١٤ | ٪٦ | ٪٩ |

[1] العراق يقفز أربع مراتب في مؤشر الشفافية العالمي، الصفحة كردستان بالعربي، التأريخ الزيارة ٢٠٢٥/٢/٢،
https://www.kurdistanbilarabi.com/babat/3144?utm_source=chatgpt.com

[2] Our work in Iraq, transparency International, accessed date 2/2/2025
https://www.transparency.org/en/countries/iraq

[3] ريناد منصور، معالجة مسألة عدم خضوع الدولة في العراق للمساءلة، الورقة بحث برنامج الشرق األوسط وشمال أفريقيا كانون الأول/ ديسمبر 2023، تشاتام هاوس، المعهد الملكي للشؤون الدولية، لندن، ص١٨.

[4] Christine Cool, Iraqi Anti-Corruption Academy Launches Laserfiche: A Digital Transformation Milestone Against Corruption, united nations in Iraq website, accessed date 2/2/2025, https://shorturl.at/MFTjb

[5] ريناد منصور، المصدر السابق، ص١١.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٩ | ٪٢٣ | ٪٣ | ٪١٤ | ٪١٤ | ٪٧ | ٪١٠ |
| ٢٠٢٠ | ٪٢١ | ٪٣ | ٪١٤ | ٪١٣ | ٪٧ | ٪١١ |
| ٢٠٢١ | ٪٢٢ | ٪٣ | ٪١٥ | ٪١٦ | ٪٦ | ٪١٥ |

**المصدر: د. علي عبدالرحيم العبودي، موقع العراق وفق مؤشرات الحكم الرشيد: العقبات والحلول، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، بغداد، ٢٠٢٣، ص٧. توێژەر خشتەکەی کردووە بە کوردی.**

لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە عێراق دەناڵێنێت بەدەست لاوازی لەڕووی پێوەرەکانی حوکمڕانی باش، هەروەها سەبارەت بە هەردوو پرەنسیپی لێپرسینەوە و سەروەری یاسا لە ئاستێکی خراپ دایە، هەرچەندە لە ڕووی پرەنسیپی مافی ڕادەربڕین و لێپرسینەوە ئاستی لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٦-٢٠٢١) بەرز و نزمی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام تا ڕادەیەک ئاستی جێگیرە، هەروەها لە ڕووی پرەنسیپی سەروەری یاسا ئاستی دابەزیوە. بەمەش بەگشتی پێوەر و پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باش لە عیراق گۆڕانکاری ئەرێنی بەرچاویان بەخۆیەوە نەدیوە، تەنانەت هەندێکیان دەبەزینیان تۆمارکردووە. دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین بە پێی خشتەکە عێراق تەنها لە پێوەری دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی گۆڕانکاری بەرچاوی تۆمار کردووە کە لە ٨٪ بووە بە ١٥٪، ئەمەش وایکردووە پلەی لە ڕووی شەفافییەت بەرەو پێشەوە بچێت و گۆڕانکاری تۆمار بکات.

**باسی دووەم**

**گەیشتن بە حوکمڕانی باش لە چوار چێوەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کەنەدا و عێراق**

**لقی یەکەم: مافی مرۆڤ لە کەنەدا**

بزوتنەوەی مۆدێرن بۆ مافەکانی مرۆڤ لە کەنەدا و لە جیهاندا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی سەریانهەڵدا و لایەنگرانی مافی مرۆڤ بانگەشەی دروستکردنی یاسای ناوخۆیی و نێودەوڵەتییان دەکرد بۆ دانان و پاراستنی شکۆی سروشتی کەسی مرۆڤ. بۆیە مافەکانی مرۆڤ لە کەنەدا دوای جەنگی دووەمی جیهانی گرنگی زیاتری پێدرا و چووە قاڵبی پاراستنی یاسایی. هەروەها کەنەدا پێشەنگێکی سەرەتایی بزووتنەوەی مافی مرۆڤ بوو. یەکەم یاسای مافەکانی کەنەدا لە ساڵی ١٩٤٧ دەرچوو، دواتر یاسای ماف و کۆدەکانی مافی مرۆڤ لە ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٧٠ بەدوایدا هات لە ئێستادا چوارچێوەی یاسایی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کەنەدا بریتین لە دەستوور و ڕێ و شوێنە یاساییەکانی مافی مرۆڤ لەسەر ئاستی فیدراڵی و پارێزگاکان، بنەمای دەستوری بۆ مافی مرۆڤ لە کەنەدا بریتییە لە پەیمانی کەنەدا بۆ ماف و ئازادییەکان لە ساڵی ١٩٨٢ کە بەشێکیشە لە دەستوور. ئەم پەیماننامە ئازادییە بنچینەییەکانی وەک (ئازادی ڕادەربڕین، ئایین، دروستکردنی ڕێکخراوەکان و کۆبونەوەی ئاشتییانە) و مافە دیموکراسییەکانی وەک (بەشداریکردن لە هەڵبژاردن) و مافی یاسایی و مافی یەکسانی و مافی زمان لەخۆ دەگرێت[1].

هەر بە پێی پەیمانی کەنەدا بۆ ماف و ئازادییەکان کە بەشێکە لە دەستووری هەموار کراوی ساڵی ١٩٨٢ و دەستووری نوێ دانینا بە تایبەتمەندی هەرێمی کیوبیك (Quebec)* لە ڕێگای زیادکردنی مادەی دەستوری کە پیشانیدەدات هەرێمی کیوبیك وەکو هەرێمەکانی تر نییە و تایبەتمەندی خۆی هەیە[2].

کەواتە پێش جەنگی دووەمی جیهانی چوارچیوەی یاسایی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ وەکو ئێستا نەبووە و سەرنج نەخراوەتە سەر مافی مرۆڤ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، کەنەدا وەک وڵاتێک کە دیموکراسی تێیدا بەهێزە و چەسپاوە، ڕێوشوێنی دەستووری و یاسایی گرتۆتە بەر بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و گرنگی زیاتری بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ داوە.

---

[1] Beverly McLachlin, Human Rights Protection in Canada, Osgoode Hall Review of Law and Policy, Volume 2, Number 1 (March 2009), P, 7-10.

* هەرێمی کیوبیک یەکێکە لە ١٣ پارێزگا و هەرێمەکانی کەنەدا، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کەنەدا، نەتەوەی کیوبیکی فەڕەنسی زمان تیایدا دەژین. ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کیوبیک زیاتر لە هەشت ملیۆن کەسە.

[2] رونالد ل. واتس، الانظمة الفيدرالية، الترجمة من الانكليزية غالي برهومة؛ مها بسطامي و مها تكلا، أوتاوا، 2006، ص٣٢.

یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ کە لە کەنەدا گرنگی پێدراوە زمانە، لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدراڵی کەنەدا دوو زمانی فەرمی هەیە. ئەوانیش زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسین، لە ٨٠٪ فەڕەنسی زمانەکان لە هەرێمی کیوبیکن. یاسای ساڵی ١٨٦٧ هەندێک خاڵی تایبەتی بۆ کیوبیک لەبارەی زمان و پەروەردە و یاسای مەدەنی لەبەرچاو گرتووە، هەروەها یاساکانیش بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی دەردەچن[1].

یاسای بنچینەیی (دەستوور) بەرزترین یاسایە لە کەنەدا، بریتیە لە دەقێکی نوسراو و داب و نەریتی نەنوسراویش (عورف) لەخۆی دەگرێت،و لەم یاسا بنەرەتییە هەموو ئازادی و مافە بنەرەتیەکانی تاك و کۆمەڵ (کۆمەڵایەتی، ئایینی، میدیا و کۆبونەوە) لەبەرچاو گیراوە. هەموو تاکێك بێ هیچ جیاوازیەك لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن و بە پێی مادەی ٣٥ی دەستور هاوڵاتی کەنەدی مافیان پارێزراو و یاسا بەروونی دیاریکردووە، یەکێك لە بنەما بەرچاوەکانی یاسای بنچینەیی کەنەدا پاڵپشتییە لە کەمایەتییەکان، رێژەیەك خاڵ و مادەی تایبەت بۆ پشتگیری لە مافەکانی پەیوەست بە زمان و ئایین و پەروەردەی تێدایە، هەروەها بنەمای فیدرالیزم ئاسانکاری بۆ ئامانجە گشتییەکانی کەمینە زمانی و کلتوورییەکان دەکات[2].

بۆ ئەو وڵاتانەی کە فرەکلتوور و کۆمەڵگای فرەیین سیستەمی فیدڕاڵی گرنگە، چونکە سیستەمی فیدڕاڵی ئاماژەیە بۆ داکۆکیکردن لە حکومەتی فرە ئاست کە توخمەکانی حوکمڕانی هاوبەش و حوکمڕانی سەربەخۆیی ناوچەیی کۆدەکاتەوە. فدرالیزم لەسەر بنەمای بەهای دانپێدانراو و هەبوونی گەیشتن بە یەکێتی و فرەیی لە هەمان کاتدا دامەزراوە. ئەمەش بە ئاشتکردنەوەی شوناسە جیاوازەکان و پاراستن و بەهێزکردنیان لە چوارچێوەی یەکێتییەکی سیاسی فراوانتردا دەکرێت، بەڵام پەیڕەوکردنی فیدڕاڵی بە تەنها گەرەنتی بەڕێوەبردنی فرەیی لە کۆمەڵگادا ناکات، فیدراڵیزم تاکە ڕێکار نییە بۆ بەڕێوەبردنی فرەچەشنی و ئاشتکردنەوەی جیاوازییەکان، بەڵکو ڕێوشوێنی دیکەش هەن لەگەڵ فیدڕاڵیدا کە پەسەند کراون لەلایەن سیستەمە فیدراڵییەکان بۆ دابینکردنی پێکەوەژیان لەناو کۆمەڵگەی هەمەچەشن و فرەییدا. ئەو ڕێوشوێنانەش بریتین لە پشت بەستن بە یاساکانی مافی مرۆڤ و ڕێوشوێنی دەستوری بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان و ئاشتەوایی لە نێوان شوناسە جیاوازەکان، ئەمەش لە ڕێی ئامرازەکانی وەک؛ گرێنتی کردنی مافی کلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بەشداریکردن لە دەسەڵات و یەکتر قبوڵکردن[3].

کەنەدا لە پاڵ سیستەمە فیدڕاڵییەکەی لە ساڵی ١٩٧١ سیاسەتی فرەکلتووری (multiculturalism) لەلایەن سەرۆک وەزیران لە ئەنجومەنی گشتی کەنەدا (پەرلەمان) ناسێنرا،و بەشێوەیەکی فەرمی فیدڕاڵییەتی فرەیی کلتووری بۆ کەنەدا راگەیەنرا و بووە سیاسەتی دەوڵەت لەپێناو پێکەوە ژیانی فرەیی لە نێوان کلتورە جیاوازەکانی کەنەدا و کەمکرنەوەی ڕەگەزپەرستی، هەروەها کۆمەڵێ یاسا دەرچوو کە مافی کەمینە ڕەگەزی و کلتووری و ئایینییەکانی لەخۆ دەگرێت، چونکە لە کەنەدا کلتوری جۆراوجۆر و نەتەوەی جیاواز هەن وەك بەریتانی (ئینگلیز)، فەڕەنسی، ئەوروپییەکان، دانیشتوانی ڕەسەن (هندیە سوورەکان)، ئاسیایی، عەرەب و ئەفریقی، ئەمەش بەهۆی زۆری کۆچکردن لە سەرانسەری وڵاتانی جیهان و هاتنی ساڵانەی پەنابەران بۆ کەنەدا و بوونیان بە پەنابەر لەم وڵاتە[4].

سیاسەتی فرە کەلتوری چوار ئامانجی هەبوو:[5]

[1] فێدراڵیزم لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، ئامادەکردنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی حزبی دیمکراتی کوردستانی ئیران، 2012، ل١٩٥،١٩٧.
[2] فێدرالیزم لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، هەمان سەرچاوە، ل١٩٦،١٩٨.

[3] الدكتور بشارت زنكنه، التعايش المشترک في الانظمة الفدرالية (كندا نموذجا)، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، المجلد ٧، العدد٢٤، ٢، الجامعة كركوك، ٢٠١٨، ص٧١،٧٢.

[4] Peter S. Li, cultural diversity in Canada, research paper, strategic issues series\rp02-8e, Canada 2000, P, 10,12.

[5] Will kymlicka, Finding Our Way: rethinking ethnocultural relations in Canada, Oxford university press, New York, 2004, P, 15.

1. پاڵپشتیکردنی پەرەپێدانی کلتووری گروپە ئیتنییە کلتوورییەکان (ethnocultural groups)؛
2. یارمەتیدانی ئەندامانی گروپە ئیتنییە کلتوورییەکان بۆ زاڵبوون بەسەر بەربەستەکان تا بەشداری تەواویان هەبێت لە کۆمەڵگای کەنەدی.
3. بەرزکردنەوەی بینین و ناسینی داهێنەرانە و ئاڵوگۆڕ لە نێوان هەموو پێکهاتە و گروپە ئیتنییە کلتوورییەکان.
4. یارمەتی و پاڵپشتی کەنەدییە نوێیەکان بۆ فێربوون و زانینی بەلانی کەمر یەکێک لە زمانە فەرمییەکانی کەنەدا (فەڕەنسی یان ئینگلیزی).

کۆمەڵگای فرە کلتووری لە کەنەدا ئاڵنگاری و دەرفەت پێشاندەدات بۆ حوکمڕانی باش، هەبوونی دامەزراوەی وەک کۆمسیۆنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و کۆمسیۆنی ڕاستی و ئاشتەوایی کەنەدا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە بۆ بەردەوامی سەقامگیری سیاسی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی. ئەمەش بەهۆی دڵنیابوون لەوەی کە هەموو تاکەکان بەبێ ڕەچاو کردنی جیاوازی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەتوانن دەستیان بگات بە دادپەروەری و دەرفەتی یەکسان و مافی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی. جگەلەوە فرەیی و هەمەچەشنی لە کەنەدا بۆتە هۆی بەهێزکردنی حوکمڕانی باش، ئەمەش لە ڕێی قبوڵکردن و ڕەچاوکردنی دیدگا جیاوازەکان لە دروستکردنی سیاسەت. هەروەها پرۆگرامەکانی وەک یەکسانی دامەزراندن و هەڵەکانی ئاشتەوایی ڕەسەنەکان نوێنەرایەتی لە دامەزراوە حکومی و گشتییەکان بەرەوپێش بردو[1].

سەرەڕای ئەوەی مافەکانی مرۆڤ لە کەنەدا مەترسی و هەڕەشەی لەسەر نییە و خاڵی ئەرێنی و دەرفەت بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانی باش لە کەنەدا بەهێزە، بەڵام جۆرێک لە ئاڵنگاری هەیە لە ڕووی پرسەکانی وەک گرژی نێوان داکۆکیکارانی ئازادییە مەدەنییەکان و داکۆکیکارانی مافەکانی دژە جیاکاری و جیاکاری ڕەگەزی، بۆشایی لە دەرفەتە ئابوورییەکان بۆ خەڵکە ڕەسەنەکان و پاراستنی مافەکانی پەنابەران و کۆچبەران.[2]

دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین، سیاسەتی فرە کەلتووری کە حکومەتی کەنەدا لە ساڵی ١٩٧١ وەکو یەکەمر وڵات لەسەر ئاستی جیهان پەیڕەوی کرد، بە شێوەیەکی فراوان وەکو مۆدێلێکی بەهێزی حوکمڕانی باش لە کەنەدا سەیردەکرێت، چونکە هەمەجۆری و گشتگیری و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتە بەرەو پێش بردووە. حکومەتی کەنەدا هەوڵیداوە پارێزگاری لە کلتوور و کەلەپورەکانی هاوڵاتییانی بکات لەڕێی سیاسەتی (فرە کلتووری کەنەدی)، هەروەها هانی هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە دەدات بۆ شانازیکردن بە زمان و ئایین و کەلتوری خۆیان و پاراستنی داب و نەریتەکانیان، بە مەرجێک پێشێلی یاساکانی کەنەدا نەکات، ئەمەش واتا لە ڕووی کلتووری و کۆمەڵایەتی مافی گشت گروپەکان و هاوڵاتییانی کەنەدا پارێزراوە.

لە کەنەدا پەیمانێکی تر یان یاسایەکی تری گرنگ هەیە بەناوی ڕاگەیاندنی کەنەدی بۆ مافەکان (Bill of Rights) ئەویش لە ساڵی ١٩٦٠ ڕاگەیەندراوە، لەمر یاساییەدا ماف و ئازادییە بنەرەتییەکان بەبێ جیاوازی بەهۆی ڕەگەز، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی، ڕەنگ و ئایین دانی پێدادەنرێت بۆ هاوڵاتییانی کەنەدا. هەروەها ئازادی گشتی، یەکسانی لە نێوان هاوڵاتییان و فرەیی کلتووری مسۆگەرکراوە و پارێزراوە وەکو ئازادی بیروباوەڕ و ئازادی ئایینی و ئازادی هزری و ئازادی ڕۆژنامەگەری و دەربڕینی بیروڕای جیاواز و دروستکردنی کۆمەڵەکان، هەروەها ئازادی دەنگدان و هەڵبژاردن و ئازادی سیاسی و مەدەنی تیایدا دەسنیشانکراوە و هەموو هاوڵاتییان یەکسانکراون لەبەرامبەر یاسادا[3].

کەواتە بەهۆی سیاسەتی فرەکلتووری و هەبوونی هەموو ئەو یاسا و پەیمانانەی کە کەنەدا پەیڕەوی دەکات بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافی نەتەوە هەمە چەشنەکان و کلتوورە جیاوازەکان بۆتە هۆی دروستبونی ژینگەیەکی لە بار بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، یەکانگیری کۆمەڵایەتی و بەرقەرار بوونی ئاشتی و سەقامگیری.

---

[1] Beverly McLachlin, Op. Cit. P, 10, And Employment equity, Canadian human rights commission official website, accessed date 5/2/2025, https://www.chrc-ccdp.gc.ca/individuals/employment-equity

[2] Beverly McLachlin, Op. Cit. P, 11.

[3] Canadian Bill of Rights, in 1960, Published by the Minister of Justice in Canada, P, 1.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

لقی دووەم: مافی مرۆڤ لە عێراق

حوکمڕانی تاکڕەوی لە عێراق پێش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ مێژوویێکی تاڵمان پیشاندەدات دەربارەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، دواتر ململانێی ناتەندروستی ناوخۆیی، دەستێوەردانی دەرەکی و ناسەقامگیری سیاسی کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق. دەستوری نوێی عیراق کە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری پەسەندکرا، لە ناوەڕۆک و مادەکانی تاڕادەیەک ئاماژەی بە پرسی مافی مرۆڤ و پاراستنیی مافی مرۆڤ داوە، بۆ نمونە لە مادەی (3)ی دەستوردا هاتووە کە عێراق وڵاتێکە لە نەتەوەو ئایین و ئاینزای جیاجیا پێکهاتووە[1].

لە ڕووی زمانی فەرمیش لە مادەی چوارەم- بڕگەی یەکەمی دەستوور بەم جۆرە ئاماژەی پێدراوە "زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بە پێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا"[2] هەروەها بەندی دووەمی دەستووری عێراق تایبەتکراوە بە ماف و ئازادییەکان، تیایدا چەندین مادە و ڕێوشوێن دیاریکراوە بۆ پاراستن و گرێنتی کردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان،و ئازادییەکانی هاوڵاتی عێراقی[3].

کەواتە دەستوری نوێی عێراق دانی ناوە بە فرەیی کۆمەڵگەی عێراق،و جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی کە زمانی دوو پێکهاتەی زۆرینەی عیراقە، زمانی پێکهاتە کەمینەکانیش لە دەستور ئاماژەی پیکراوە و دەتوانن بەکاریبهێنن لە دەزگا پەروەردەییەکانی ناوچەکانیان.

هەرچەندە دەستوری عێراق لە ڕووی تیۆری تاڕادەیەک گرێنتی مافەکانی مرۆڤی کردووە، بەڵام لە ڕووی کرداری چەندین پێشێلکاری و گرفتی گەورەی مافی مرۆڤ لە عێراق بوونی هەیە، هەروەها ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان باس لەوە دەکەن کە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە خراپترین ئاست دایە. بۆ نموونە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢٣ ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٣ خراپتر بووە، بەهۆی زیادبوونی ئاستەنگەکانی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئازادییە بنەڕەتییەکان و فەزای مەدەنی. گرنگترین پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیش بریتین لە کوشتنی نایاسایی و بێدادگایی کردن، توندوتیژی خێزانی، بێسەروشوێن کردن، سنووردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن، دەستوەردان لە مافی گردبوونەوەی ئاشتییانە و ئازادیی ڕێکخراوەیی، بازرگانیکردن بە مرۆڤ. ئەوەی دۆخی مافی مرۆڤی خراپتر کردووە ناسەقامگیری دۆخی عێراقە بەهۆی پەلامارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش)، ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لەدژی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە عێراق، هەبوونی میلیشیا کە بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا نین، لەگەڵ تووندوتیژی بە پاڵنەری مەزهەبی، ئیتنیی و دارایی[4].

سەرەڕای پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە عێراق، تاوانەکانی جیاکاری و تووندوتیژی یان هەڕەشەی بەکارهێنانی تووندوتیژی لەدژی ئەندامانی گروپە کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەکرێت، بۆ نمونە یاسا ڕێگەی بەهەندێک گروپی ئایینی نەداوە وەک بەهائی و زەردەشتی و کاکەیی خۆیان وەک ئایینی دانپێدانراو تۆماربکەن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان دان پێدانراون. لە ڕووی سیاسی لە کۆی 329 کورسی پەرلەمانی عیراق، یاسا نۆ کورسی داناوە بۆ ئەندامانی گروپەکانی کەمینەکان: پێنج کورسی

[1] المادة (٣) من دستور الجمهورية العراق، ٢٠٠٥.

[2] المادة (٤) من دستور الجمهورية العراق، ٢٠٠٥

[3] الباب الثاني- الحقوق والحريات، من دستور الجمهورية العراق، ٢٠٠٥.

[4] US Department of state, 2023 Country Reports on Human Rights Practices: Iraq, accessed date 10/7/2024, https://www.state.gov/reports/2023-country-reports-on-human-rights-practices/iraq/

بۆ کاندیدە مەسیحییەکانی پارێزگاکانی بەغداد، نەینەوا، کەرکوک، هەولێر و دهۆک، یەک کورسی بۆ ئێزیدی، یەک کورسی بۆ سابیئەی مەندائی، یەک کورسی بۆ شەبەک و یەک کورسی بۆ کوردی فەیلی لە پارێزگای واست[1].

زیاد بوونی ناکۆکی و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای ناسنامەی لاوەکی ژینگەیەکی لەباری دروست کردووە بۆ گەشەکردنی گروپی توندڕەو کە ئەم گروپانە ڕێز لە فرەیی و بیروباوەڕەکان ناگرن. ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر مافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە عێراق، چونکە کەمینەکان بونەتە ئامانجی ئەم گروپانە و ڕووبەڕووی توندوتیژی و ئاوارەیی بونەتەوە. ئەمەش گۆرانی دیمۆگرافیای دروست کردووە لە ناوچەکانیان[2].

هەروەها دەڵەمەیی و لەرزۆکی سیستەمی دیموکراسی و وونبوون و ئامادەنەبوونی دەوڵەت لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافی کەمینەکان بە تایبەتی و سزانەدانی تاوانباران کە توندوتیژی دەکەن بەرامبەر بە کەمینەکان، ئەمەش هەستی نەبوونی دادپەروەری و نەبوونی بەرپرسیارییەتی دەوڵەت لەپاراستنی کەمینەکان دروست دەکات. کەمینەکان لە عێراق تەنها لەبەر هۆکاری ڕاستەوخۆی پەیوەندیدار بە ململانێ ڕووبەڕووی توندوتیژی نابنەوە، بەڵکو زۆرجار ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە بە چەند هۆکارێک لەوانە؛ لاوازی پێگەی دیمۆگرافی، لاوازی بەشداریکردنیان لە ژیانی گشتیدا،و جیاوازی ئیتنی و ئایینی و زمان لە گۆشەی ئەوانیتر قەتیسیان دەکات، ئەمە جگەلە بڵاوبونەوەی وێنەی کۆنەپەرستانە و چەواشەکاری کۆمەڵایەتی بەرامبەر کەمینەکان[3].

دەتوانین ئاماژە بە لاوازی دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ لە عێراق بکەین، چونکە دامەزراوەی بەهێز و تەواو سەربەخۆی مافی مرۆڤ بوونی نییە کە چارەسەری کاریگەری بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ هەبێت. هەرچەندە عێراق چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ پەسەند کردووە، بەڵام زۆرجار دامەزراوەکانی ئاستەنگییان هەیە لە جێبەجێکردنی پێوەرەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ. بۆ نموونە کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ بوونی هەیە، بەڵام سەربەخۆیی و کاریگەری دامەزراوەکە جێگای پرسیارە، بەهۆی دەستێوەردانی سیاسی و کەمی سەرچاوە.

کلتوور و رۆشنبیری ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە کاراکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە، چونکە هەڵگری مانای بەرزی جیاکەرەوەیە، تایبەتمەندی لەوەدایە کە دیاردەیەکی مرۆییە، گوزارشتە لە مرۆڤایەتییەکەی و ئامرازی نموونەیی بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەوانی تر. هەروەها کلتوور بە دەستکەوتێکی چەندایەتی و مێژوویی دادەنرێت کە تا ڕادەیەک نوێبونەوە و میراتی پێشوو دەپارێزێت، بەهای ڕۆحی و هزری و ڕەوشتی خۆی نوێدەکاتەوە. بنکەی کلتووری بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە خۆی دەبینێتەوە لە سێ خاڵی سەرەکی وەکو؛ دانپێدانانی ئاڵوگۆڕ، دیالۆگ و گفتوگۆ و لێبوردەیی[4].

پێکەوە ژیانی ئاشتییانە تەنها بە مانای کۆتایی هێنان بە ململانێکان نییە، بەڵکو پێکەوە ژیانی هاوبەشە لەگەڵ کێبرکێی سیاسی، هەروەها کۆنترۆڵ کردنی پەیوەندییەکانە تا نەگات بە شەڕی نێوان لایەنە ناکۆکەکان. بۆ ئەمەش گرنگ بوو حکومەتی عێراق و دامەزراوەکانی کار بکەن بۆ جێبەجێکردنی راستەقینەی دەستوور و بڵاوکردنەوەی کلتووری پیکەوەژیان، نەهێڵن بۆشایی گەورە دروست بێت لەنێوان پیکهاتەکانی عێراق، مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە دەستەبەر بکەن تاوەکو بنەماکانی حوکمڕانی باش بەهێز بکەن و بچەسپێنن. بەڵام بەردەوامی گەندەڵی سیاسی، دارایی،و کارگێری بۆتە گەورەترین ئاستەنگ بۆ حوکمڕانی

---

[1] Ibid

[2] م. سعد محمد حسن، أ.م. علي مراد النصراوي، أ.م.د. حمد جاسم محمد، التعايش السلمي في العراق (دراسة في المرتكزات والتحديات)، المجلة الدراسات الاجتماعية، العدد ٤٩، بيت الحكمة، المجلد ٢٠٢٣، ص١٨٩و٢٠١.

[3] سعد سلوم، حماية الأقليات الدينية والإثنية واللغوية في العراق، دراسة تحليلية في الأطر الدولية والإقليمية والوطنية، العراق، ٢٠١٧، ص١٤٧.

[4] شمال أحمد إبراهيم، الأسس الاجتماعية للتعايش السلمي في الدساتير العراقية، دراسة مقارنة بين النصوص والواقع، مجلة الأدب، جاميعة بغداد، العدد/ وقائع مؤتمر بناء السلام ومنع الابادة الجماعية الجزء الأول، ٢٠٢٣. ص٤٠٦.

کارا و حوکمڕانی باش لەسەر هەموو ئاستە دامەزراوەییەکانی حکومەت، هەروەها نادادپەروەری لە دابەشکردنی سامان و داهاتی عێراق و لاوازی ڕەوایەتی سیستەمی سیاسی بەهۆی نەبوونی هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد و ناسەقامگیری سیاسی وایکردووە لە ڕووی کرداری دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە جیبەجێنەکەن[1].

جگەلەوەی کێشەی شوناس، ڕەفتاری دەستەبژێری سیاسی، تیرۆر و توندوتیژی، توندڕەوی و قبوڵنەکردنی بەرامبەر، بەرزبونەوەی ڕێژەی هەژاری و دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری عیراق ئاستەنگی و ئاڵنگاری دیارن بۆ پیکەوە ژیانی ئاشتیانە. ئەم ئاڵنگارییانەش کاریگەی نەرێنییان هەبووە لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و گەیشتن بە پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و حوکمڕانی باش لە عێراق[2].

هەروەها سیستەمی فیدراڵی لە عێراق پایەیەکی سەرەکی پێکەوەژیان و دەستەبەر کردنی مافی پێکهاتەکانی عێراقە، بەمەرجێک ناکۆکی و ململانێ لەسەر دەسەڵات لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق قوڵ نەبێتەوە و بوار نەدرێت بە دروستبوونی نامۆ بوون لە نێوان پێکهاتەکان. عێراقی نوێ پەنای بردە بەر سیستەمی فیدراڵی لە پیناو گەیشتن بە پیکەوەژیانی ئاشتییانە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق و ڕزگاربوون لە قۆرخکردنی دەسەڵات لە دەستی یەک پێکهاتە و گروپ. چونکە فیدراڵیزم یارمەتی گەیشتن بە پیکەوەژیانی فرەچەشنی لەسەر یەک خاک بەشێوەیەکی هارمۆنی دەدات، واتا ئامانجی بەدیهێنانی یەکگرتوویی وڵاتە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازادانەی هاووڵاتییان و دانان بە تایبەتمەندییە (نەتەوەیی، زمانی، ئاینی و کلتووری). هەروەها فیدراڵی ئامرازێکی کاریگەرە بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی ململانێ نەتەوەییەکان[3].

بەڵام ئەوەی لە ڕووی کرداری لە سیستەمی فیدراڵی عێراق دەبینرێت لە ئاستی پیویست دانییە و فیدراڵیەتی راستەقینە نییە، چونکە تا ئێستا سیستەمی فیدراڵی بەتەواوی پەیڕەو ناکرێت، تەنها هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمی فیدراڵە لە کۆماری فیدراڵی عێراق. هەروەها فیدراڵی لە عێراق نەیتوانیوە گرێنتی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافی کەمینەکان بەتایبەت و پیکەوەژیان بکات، چونکە هیچ گرێنتی و دەستەبەریەکی راستەقینە و پاراستنی یاسایی و میکانزمی گونجاو بوونی نییە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینەکان.

سەرەڕای ئەوەی عیراق بۆ کەمینەکان و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەبار نییە، بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە لە هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی باش پێکەوەژیان بوونی هەیە. تەنانەت یاسای تایبەت بە پاراستنی مافی کەمینەکان دەرکراوە و تیایدا ئاماژە با مافە سیاسی و ڕۆشنبیری و کەلتوریەکانیان دراوە. هەرێم بۆتە پەناگەیەکی ئارام بۆ کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان تەنانەت هەموو پێکهاتەکانی عیراق کە پەنایان بۆ هێناوە، ئەمەش بەهۆی هەبوونی ئاسایش و سەقامگیری و بنەمای پیکەوەژیانی ئاشتیانە لە هەرێمی کوردستان[4].

بۆ پاراستنی زیاتری مافەکانی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە عێراق، گرنگە چەند هانگاوێک بگیرێتە بەر لە وانە؛ هەموو لایەنەکانی عێراق وەکو خۆی کار بە دەستوور بکەن تا بناغەیەکی تۆکمە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە دروست ببێت؛ چاکسازی لە پرۆسەی سیاسی بکرێت؛ یاسای زیاتر دروستبکرێت بۆ پاراستنی یەکسانی ڕاستەقینە لە نێوان هاوڵاتییانی عێراق بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە. لەگەڵ دروستکردنی یاساکان پێویستە ڕێ و شوێنی توند بگیرێتە بەر بۆ جێبەجێکردنی یاساکان،

---

[1] المصدر النفسه، ص٤٢٠ .

[2] م. سعد محمد حسن، أ.م. علي مراد النصراوي، أ.م.د. حمد جاسم محمد، المصدر السابق، ص٢٠٠-٢٠٤.

[3] المصدر النفسه، ص١٩٥.

[4] یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥، پەرلەمانی کوردستانی عیراق.

چونکە گرنگی یاساکان لە جێبەجێکردنییەتی بە یەکسانی و دادپەروەری؛ هەروەها کارکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە دادگایی کردنی گەندەڵکاران و زیاتر کردنی شەفافییەت و لێپرسینەوە و هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی[1].

گەیشتن بەو خاڵ و هەنگاوانەی کە باسمان کرد دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باش و گەیشتن بە حوکمڕانی باش لە عیراق، چونکە بەشداریکردنی گشتگیر، سەروەری یاسا، لێپرسینەوە، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە خۆدەگرێت کە کۆمەڵگەی عێراق بەرەو گەشەسەندن و پێشکەوتن و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبات.

باسی سێیەم: بەراوردکاری لە نێوان هەردوو ئەزموونی کەنەدا و عێراق

دەتوانین ئاماژە بە خاڵە هاوبەش و خاڵە جیاوازەکان بدەین لە هەردوو ئەزموونی کەنەدا و عێراق سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئاستی حوکمڕانی باش.

لقی یەکەم/ خاڵە هاوبەشەکان لە نێوان ئەزموونی کەنەدا و عێراق

گرنگترین خاڵە هاوبەش و لێکچووەکان لە نێوان عێراق و کەنەدا بریتین لە:

1. هەردوو وڵاتی کەنەدا و عێراق سیستەمی سیاسییان پەرلەمانی و شێوە دەوڵەتی فیدراڵیین.
2. هەردوو وڵات کۆمەڵگای فرەیین لە ڕووی کلتوور و نەتەوە و ئایین.
3. لە ڕووی دەستوری و یاسایی ئاماژە بە پاراستنی مافی مرۆڤ و فرەیی کلتووری و سیاسی لە هەردوو وڵات دراوە.

لقی دووەم/ خاڵە جیاوازەکان لە نێوان ئەزموونی کەنەدا و عێراق

لە هەمان کاتدا دەتوانین ئاماژە بە خاڵە جیاواز و لێکنەچووەکان بکەین لە نێوان ئەزموونی کەنەدا و عیراق بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. سیستەمی دیموکراسی لە کەنەدا زۆر بەهێزە و سەقامگیرە، بەڵام لە عێراق دیموکراسی لەرزۆک و لاوازە.
2. سیستەمی سیاسی لە کەنەدا شەفافە و سەرکردە و بەرپرسەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی تەواو ئازاد و دادپەروەرانە هەڵدەبژێردرێن. دامەزراوە سیاسییەکانی کەنەدا سەربەخۆن و بە باشی دروستکراون، ئەمەش چاودێری و هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری مسۆگەر کردووە، بەڵام لە عێراق هەڵبژاردنەکان جێگای پرسیارن و هەڵبژاردنی تەواو بێخەوش و دادپەروەر نین. ئەمە جگەلە دابەشبوونی طائیفی و سیستەمی پشک پشکێنە (النظام المحاصصة) کە کیشەی گەورەن لە عێراق .
3. لە کەنەدا بەهێزی بناغەی یاسایی بۆتە هۆی مسۆگەرکردنی پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و گەیشتن بە حوکمڕانی باش، لە کاتێکدا عێراق بەهۆی لاوازی بناغە و سەروەری یاسا کێشەی لە جێبەجێکردنی دەستەبەرییە یاسایی و دەستوورییەکانی مافی مرۆڤ هەیە.
4. کەنەدا لە ڕووی دەستووری و کرداری خاوەن پێوەری باڵایە بۆ گرێنتی کردنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پیکەوە ژیانی ئاشتییانە، ئەمەش بۆتە هۆی سەقامگیری سیستەمی سیاسی و بەرجەستەبوونی حوکمڕانی باش، هەروەها دامەزراوەی بەهێز و سەربەخۆی تایبەت بە پاراستنی مافی مرۆڤی هەیە کە ڕێ و شوێن و سیاسەتی پێویست پەیڕەو دەکەن بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و گەیشتن بە پیکەوە ژیان و سەقامگیری.
5. لە عێراق تەنها لە دەستوور ئاماژە بە فرەیی و پاراستنی مافی مرۆڤ دراوە، بەڵام لە کرداری پێشێلکاری مافی مرۆڤ و توندوتیژی و جیاکاری لە بەرامبەر کەمینەکان بوونی هەیە، ئەمەش بەهۆی بەردەوامی ناکۆکی و ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی کە کاریگەییان لەسەر پەیڕەوکردنی بنەماکانی حوکمڕانی باش هەبووە، گەندەڵی و نەبوونی بەرپرسیاریەتی و

[1] شمال أحمد إبراهيم، المصدر السابق، ص٤٢١.

نەبوونی سەوەری یاسا و نەبوونی شەفافییەت سیمای دیارن لە سیستەمی سیاسی عێراق، هەروەها کۆسپ و تەگەرەی سیاسی کاریگەری زۆری لەسەر کارکردنی حکومەت هەیە سەبارەت بە پێشێلکارییە بەردەوامەکانی مافەکانی مرۆڤ.

6. سیاسەتی فرە کلتووری و هەوڵەکانی ئاشتەوایی لە کەنەدا بۆتە هۆی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و لەخۆگرتنی گشتگیر لە کۆمەڵگەی هەمەچەشنی کەنەدی، بەڵام لە لە کۆمەڵگەی فرەیی عیراق لە خۆگرتنی گشتگیر و یەکانگیری کۆمەڵایەتی کیشەی هەیە بەهۆی سیاسەتی طائیفی و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی.
7. هەرچەندە عیراق وەکو کەنەدا دەوڵەتێکی فیدڕاڵە، بەڵام تا ئێستا سیستەمی فیدڕاڵی لە عیراق بە تەواوی شێوەی راستەقینەی خۆی نەگرتووە و پەیڕەو ناکریت، تەنها هەرێمی کوردستان وەک هەرێمیکی فیدڕاڵ لە عیراق بوونی هەیە.

## دەرئەنجام

1- مافی مرۆڤ یەکێکە لە پرەنسیپە دیارەکان بۆ حوکمڕانی باش،و مافی مرۆڤ و حوکمڕانی باش پایەیەکی گرنگی هەر کۆمەڵگایەکن کە بەدوای دادپەروەری و سەقامگیری و گەشەسەندندا دەگەڕێن. پاراستنی مافەکانی مرۆڤ چارەسەری ئاڵنگارییەکانی کۆمەڵگە هەمەچەشنەکان دەکات، بەوەی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە بەشدارە لە باشترکردنی ئاستی حوکمڕانی و پیشانی دەدات کە حوکمڕانی باش تەنیا سەقامگیری سیاسی و ئابووری نییە، بەڵکو دەستەبەر کردنی کەرامەت و یەکسانی و بەشداری هەموو گروپەکانی کۆمەڵگەیە.

2- کەنەدا و عێراق دوو ئەزموون و مۆدێلی زۆر جیاوازن لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانی باش. کەنەدا بە دامەزراوە دیموکراسییە سەقامگیرەکانی و چوارچێوەی یاسایی بەهێز، نموونەیەکی بەرزی مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانی باش دابین دەکات. هەروەها حوکمڕانی باش لە کەنەدا ڕەگ و ڕیشەی لە بنەماکانی مافی مرۆڤ داکوتاوە. لەبەرانبەردا عێراق بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و ململانێی طائیفی و لاوازی چوارچێوەی دامەزراوەیی ڕووبەڕووی ئاڵنگاری بۆتەوە لە زامنکردنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و گەیشتن بە حوکمڕانی باش.

3- پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باش لە کەنەدا بە بەردەوامی لە پێوەرەکانی نێودەوڵەتی پلەی باڵایان تۆمارکردووە، وەکو لە پێوەری شەفافییەت، لێپرسینەوە، بەرپرسیاریەتی و نەبوونی گەندەڵی، بەڵام عێراق ئاڵنگاری هەیە لە پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باش و پلەکانی لە پێوەرەکانی نێودەوڵەتی بە بەردەوامی نزمە بەهۆی گەندەڵی بەربڵاو و خراپی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و نەبوونی لێپرسینەوە.

4- کەنەدا وڵاتێکی دیموکراسی فرەکلتوورییە، سیستەمی سیاسی دانیناوە بە ماف و ئازادییە گشتییەکان و فرەیی، مافەکانی کەمینە نەتەوەیی و ئیتنی و کلتوورییەکان دانی پێدانراوە و لە پرۆسەی دەرکردن و وەرگرتنی بڕیارەکان و بۆ پاراستنی مافەکانیان سەنگی دەستوورییان پێدراوە.

5- لە ڕووی تیۆری دەستوری نوێی عێراق ئاماژەی بە پاراستی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان بە گشتی و پاراستنی مافی پێکهاتە هەمەچەشنەکانی عیراق داوە، بەڵام لەڕووی پراکتیکی کار بە دەستوور و بنەماکانی حوکمڕانی باش نەکراوە و پێشێلکاری و مەترسی گەورە هەیە لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە عیراق، ئەمەش بەهۆی کێشەی ئاسایش و ناسەقامگیری سیاسی و بڵاوبونەوەی گەندەڵی لە هەموو کایەکانی وڵات.

## لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان:

**کتێب**

1. فیدڕالیزم لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، ئامادەکردنی ناوەندی لێکۆلینەوەی حزبی دیمکراتی کوردستانی ئیران، 2012.

**یاساکان**

2. یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥، یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستانی عیراق.

## المصادر بالغة العربية

### الكتب العربية

3. مخلوف بكروح؛ حنان الحاج علي؛ مارينا برهم و اخرون، الدليل الى الادارة الثقافية، ط2، قاهيرة، 2009.
4. رونالد ل. واتس، الانظمة الفيدرالية، الترجمة من الانكليزية غالي برهومة؛ مها بسطامي و مها تكلا، أوتاوا، 2006.
5. سعد سلوم، حماية الأقليات الدينية والإثنية واللغوية في العراق، دراسة تحليلية في الأطر الدولية والإقليمية والوطنية، العراق، ٢٠١٧.
6. آرنت ليبهارت، الديمقراطية التوافقية في مجتمع متعدد، ترجمة: حسني زينه، معهد الدراسات الاستراتيجية، بغداد، بيروت، ٢٠٠٦.

### الابحاث العلمية

7. الدكتور بشارت زنكنه، التعايش المشترک في الانظمة الفدرالية(كندا نموذجا)، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، المجلد ٧، العدد٢٤، ٢، الجامعة كركوك، ٢٠١٨.
8. م. سعد محمد حسن، أ.م. علي مراد النصراوي، أ.م.د. حمد جاسم محمد، التعايش السلمي في العراق (دراسة في المرتكزات والتحديات)، المجلة الدراسات الاجتماعية، العدد ٤٩، بيت الحكمة، المجلد ٢٠٢٣.
9. د. السيد عمر، أ. د. أحلام السعدي فرهود، طه أحمد علوان، الحتلال الأمريكي للعراق وإعادة هيكلة السلطة السياسية، المجلة العلمية للبحوث والدراسات التجارية، المجلد 31 - العدد 3، جامعة حلوان، كلية التجارة وإدارة الأعمال، سبتمبر ٢٠١٧.
10. شمال أحمد إبراهيم، الأسس الاجتماعية للتعايش السلمي في الدساتير العراقية، دراسة مقارنة بين النصوص والواقع، مجلة الأدب، جاميعة بغداد، العدد/ وقائع مؤتمر بناء السلام ومنع الابادة الجماعية الجزء الأول، ٢٠٢٣.
11. محمد جبار كريدي، .د. ياسر عطيوي عبود، مؤشر الحكم الرشيد في التشريعات الكندية (دراسة مقارنة)، مجلة دراسات البصـرة، جامعة البصرة مركز دراسات البصرة و الخليج العربي، السنة السادسة عشرة / ملحق العدد (٤٢) كانون الأول ٢٠٢١.
12. د. ظافر مدحي فيصل، د. ظريفي نادية، ضمانات مبدأ سيادة القانون العراق والجزائر نموذجا، مجلة العلوم القانونية/ كلية القانون-جامعة بغداد/ العدد الخاص لبحوث مؤتمر فرع القانون العام المنعقد تحت عنوان"الاصلاح الدستوري والمؤسساتي الواقع والمأمول " للمدة 13-2018/11/14.
13. ريناد منصور، معالجة مسألة عدم خضوع الدولة في العراق للمساءلة، الورقة بحث برنامج الشرق األوسط وشمال أفريقيا كانون الأول/ ديسمبر 2023، تشاتام هاوس، المعهد الملكي للشؤون الدولية، لندن.
14. د. علي عبدالرحيم العبودي، موقع العراق وفق مؤشرات الحكم الرشيد: العقبات والحلول، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، بغداد، ٢٠٢٣.

### اطاريح الدكتوراه و الماجستير

15. أمين فرج شريف، الحكم الصالح في اقليم كوردستان العراق، اطروحة الدكتورا، كلية القانون و السياسة في جامعة السليمانية، السليمانية، 2013 .
16. بكوش ابتسام، الحكم الراشد ودوره في تحقيق التنمية المستدامة -حالة الجزائر-، اطروحة ماجستير، جامعة آبى بكر بلقايد، كلية العلوم االقتصادية وعلوم التسيير، الجزائر، سنة ٢٠١٥-٢٠١٦.
17. حاتم ظافر حسيب الكردي، دور تطبيـق الحكـم الرشـيد في السلطـة القضائيـة الفلسطينيـة لتحقيـق التنميـة المستدامـة، أطروحة الماجستير، جامعة الأقصى، فلسطين، ٢٠١٧.

**الدساتر**

**18. الدستور جمهورية العراق ٢٠٠٥**

**المصادر الإلكترونية**

**19. توفيق الذهبي، الحكم الرشيد وعلاقته بحقوق الانسان، متاح عن الموقع التكتيكات الجديدة فى حقوق الإنسان، ٢٠٢١/١/٧، التأريخ الزيارة ٢٠٢٣/٩/٦ https://shorturl.at/1Exyb**

**20. علي مراد العبادي، المشاركة السياسية في العراق والعزوف الانتخابي، الصفحة المركز الفرات، التأريخ الزيارة ٢٠٢٥/٢/١، https://fcdrs.com/polotics/1583**

**21. تعريف المجتمع متعدد الثقافات ، الخصائص ، السمات، العوامل، الأنواع، التأثيرات،الموقع انفوتيج، التأريخ الزيارة ٢٠٢٣\١٢\٢٠، https://infotech-web.com/ar/advices/7765-definition-of-multicultural-society-characteristics-traits**

**22. العراق يقفز أربع مراتب في مؤشر الشفافية العالمي، الصفحة كردستان بالعربي، التأريخ الزيارة ٢٠٢٥/٢/٢، https://www.kurdistanbilarabi.com/babat/3144?utm_source=chatgpt.com**

**English resources**

**Books**

23. **good governance practices for the protection of human rights, united nations publications, ISBN978-1-154179-3, New-york and Geneva 2007,**
24. **Matthew Parrym, Canada's Parliament and other political institutions, European Parliamentary Research Service, European Union 2022**
25. **Schlager, N. and Welsblatt, J. World Encyclopedia of Political Systems and Parties. Fourth Edition. New York, 2006.**
26. **Will kymlicka, Finding Our Way: rethinking ethnocultural relations in Canada, Oxford university press, New York, 2004.**
27. **ALVIN RABUSHIP and KENNETH A. SHEPSLE, Politics in Plural Societies: A Theory of Democratic Instability, Pearson Education, New York, 2009.**
28. **Petr Vymĕtal, Governance: Defining the Concept, working papers University of Economics, Prague, 2007.**

**Researches**

29. **MANOJ KUMAR SINHA, Human Rights and Good Governance, published in the Indian Journal of International Law, vol. 46, n. 4, 2006.**
30. **Peter S. Li, cultural diversity in Canada, research paper, strategic issues series\rp02-8e, Canada 2000**
31. **Beverly McLachlin, Human Rights Protection in Canada, Osgoode Hall Review of Law and Policy, Volume 2, Number 1 (March 2009).**

**LAWS**

32. **Canadian Bill of Rights, in 1960, Published by the Minister of Justice in Canada.**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

33. UNESCO Universal Declaration on Culture Diversity, France, 2002.

34. Access to Information Act, R.S.C., 1985, c. A-1, Last amended on October 15, 2024.

**Online links and resources**

35. TAMAYAO, what is governance? August 21, 2014 by tamayaocsu in Politics and Governance, accessed date 25/8/2023, https://tamayaosbc.wordpress.com/2014/08/21/what-is-governance

36. What is governance, available on UN-Habitat's Policy, Legislation and Governance Section website, accessed date 25/1/2024, https://urbanpolicyplatform.org/governance/

37. what is the relationship between human rights and good governance, accessed date 25/1/2024, https://hrbaportal.org/faq/what-is-the-relationship-between-human-rights-and-good-governance/

38. OHCHR and good governance, about good governance, available on OHCHR website, accessed date 1/8/2024, http://www.ohchr.org/EN/Issues/Development/GoodGovernance/Pages/GoodGovernanceIndex.aspx

39. Good Governance: Definition and Characteristics, available on UCLG website, accessed date 1/9/2023 https://uclg-aspac.org/en/good-governance-definition-and-characteristics/

40. 12 Principles of Good Governance, available on council of Europe website, accessed date 2/9/2023 https://rm.coe.int/12-principles-brochure-final/1680741931

41. UNESCO in brief, UNESCO website, accessed date 5/9/2023, https://www.unesco.org/en/brief

42. US Department of state, 2023 Country Reports on Human Rights Practices: Iraq, accessed date 10/7/2024, https://www.state.gov/reports/2023-country-reports-on-human-rights-practices/iraq/

43. Introduction: Transition to Democracy, on facing history, accessed date 20/12/2024, https://www.facinghistory.org/resource-library/introduction-transition-democracy

44. Open Government Portal, the official website of the Government of Canada, accessed date 1/2/2025, https://search.open.canada.ca/data/

45. Our work in Iraq and Canada, transparency International, accessed date 2/2/2025 https://www.transparency.org/en/countries/iraq

46. Christine Cool, Iraqi Anti-Corruption Academy Launches Laserfiche: A Digital Transformation Milestone Against Corruption, united nations in Iraq website, accessed date 2/2/2025, https://shorturl.at/MFTjb

47. Employment equity, Canadian human rights commission official website, accessed date 5/2/2025, https://www.chrc-ccdp.gc.ca/individuals/employment-equity

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# دور حقوق الإنسان بتجسيد الحكم الرشيد في المجتمعات التعددية
## دراسة مقارنة بين كندا والعراق

| |
|---|
| م. م. مەرزن جمال حسن |
| قسم النظم السياسية والسياسية العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين-أربيل، أربيل، اقليم كوردستان- العراق |
| البريد الالكتروني: marzan.hasan@su.edu.krd |

### ملخص

الحكم الرشيد وحقوق الإنسان مفهومان مهمان في السياسة، ولقد حظي الحكم الرشيد بأهمية كبيرة كمفهوم جديد في مجال السياسة. تهدف هذه الورقة إلى عرض مفاهيم ومبادئ الحكم الرشيد، وتحقيق الحكم الرشيد من خلال حماية حقوق الإنسان في المجتمعات التعددية، كذلك عرض تجربتي كل من كندا والعراق في هذا الصدد. تقوم هذه الدراسة على افتراض أن لمبادئ حقوق الإنسان دور مهماً في تحقيق وتعزيز الحكم الرشيد في المجتمعات التعددية، وتأثر تطور الحكم الرشيد في كندا بمبادئ حقوق الإنسان، حيث اعترفت كندا رسمياً بسياسة التعدية الثقافية، وأبرمت معاهدات وانشأت مؤسسات لحماية حقوق الإنسان. لكن العراق لم يتمكن من الناحية العملية من ضمان حماية حقوق الإنسان واتباع مبادئ الحكم الرشيد، بسبب عدم الاستقرار السياسي والمشاكل الأمنية وضعف المؤسسات. أخيراً توصلت الدراسة إلى عدة استنتاجات تتجسد في إن حقوق الإنسان ومبادئ الحكم الرشيد يجسدان ركيزتين مهمتين للاستقرار المجتمعي. وإن حماية حقوق الإنسان تعالج التحديات التي تواجهها المجتمعات المتنوعة من خلال المساهمة في تحقيق التماسك المجتمعي والتعايش السلمي وتحسين مستوى الحكم. وتمثل كل من كندا والعراق تجربتين لنموذجين مختلفين للغاية في حماية حقوق الإنسان والحكم الرشيد. إذ تجسد كندا مثالاً رفيعاً لحقوق الإنسان والحكم الرشيد، مع وجود مؤسسات ديمقراطية مستقرة وأطر قانونية قوية، فالحكم الرشيد في كندا متأصل في مبادئ حقوق الإنسان. بالمقابل، يواجه العراق تحديات في حماية حقوق الإنسان وتحقيق الحكم الرشيد بسبب عدم الاستقرار السياسي والصراع الطائفي وضعف الأطر المؤسسية. وتحتل كندا مرتبة عالية في المقاييس الدولية للحكم الرشيد، في حين أن العراق يحتل مرتبة متدنية للغاية .ويشير الدستور العراقي الجديد إلى حماية حقوق الإنسان وحقوق المكونات المتعددة، لكن من الناحية العملية، لم يتم بالدستور ومبادئ الحكم، وهناك انتهاكات وتهديدات خطيرة تهدد حقوق الإنسان في العراق.

الكلمات المفتاحية: حقوق الإنسان، الحكم الرشيد، المجتمع التعددي، التعددية الثقافية، التعايش

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# The role of human rights in embodiment good governance in plural societies
# A comparative study between Canada and Iraq

**Assist. Lec. Marzn Jamal Hasan**
**Department of political systems and public policy, College of political science, Salahadin university-Erbil, Erbil, Kurdistan Region – Iraq**
**Email: marzan.hasan@su.edu.krd**

## ABSTRACT

**Good governance and human rights are two significant concepts in politics, good governance has gained great importance as a new concept in politics. This paper aims to highlight the concepts and principles of good governance, and to achieve good governance through the protection of human rights in plural societies, as well as to present the experiences of Canada and Iraq. This study hypothesizes that human rights principles play an important role in achieving and enhancing good governance in plural societies. The development of good governance in Canada was influenced by human rights principles, as Canada officially recognized the multiculturalism policy, concluded treaties and established institutions to protect human rights. However, Iraq was unable to practically guarantee the protection of human rights and follow the principles of good governance, due to political instability, security problems and weak institutions. The study conclusions are; human rights and the principles of good governance are two important pillars to stability of society. The protection of human rights addresses the challenges facing diverse societies by contributing to achieving society cohesion, peaceful coexistence and improving the level of governance. Canada and Iraq represent very different models of human rights protection and good governance. Canada is a shining example of human rights and good governance, with stable democratic institutions and strong legal frameworks. Good governance in Canada is rooted in human rights principles. In contrast, Iraq faces challenges in protecting human rights and achieving good governance due to political instability, sectarian conflict, and weak institutional frameworks. Canada ranks high on international measures of good governance, while Iraq ranks very low. The new Iraqi constitution refers to the protection of human rights and the rights of various components, but in practice, the constitution and governance principles have not been implemented, and there are serious violations and threats to human rights in Iraq.**

**Keywords: human rights, good governance, plural society, multiculturalism, coexistence**